دامه‌زرانی كۆماری كوردستان له‌ چوارچێوه‌ی ئێرانێكی دێموكرات و فیدراڵدا

# كوردستان

ژماره‌:٥٥٣

www. kurdistanukurd.com

شه‌ممه‌ ٣٠ی ڕێبه‌ندانی ١٣٨٩ ٢٠ی فێوریه‌ی ٢٠١١ ـ ١٥٠ تمه‌ن ● ئۆرگانی حیزبی دیموكراتی كوردستان

سیاسی
به‌یاننامه
به‌ بۆنه‌ی ساڵرۆژی سه‌ركه‌وتنی شۆڕشی گه‌لانی ئێرانه‌وه
٤

سیاسی

شۆڕش یا ریفۆرمخوازیی شۆڕشگێڕانه‌؟!
٧

به‌ره‌و كۆنگره‌

به‌ره‌و كۆنگره‌ی پازده‌و ئاوڕێک له‌کۆنگره‌ی چارده
٨

وتووێژ

ئامانج و ئاكامه‌كانی «كه‌مپینی ١٠ رۆژ خه‌بات دژی ئێعدام»
١٠

# ١ی ره‌شه‌مه‌، رۆژی هاوپێوه‌ندیی بزووتنه‌وه‌ی ئازادیخوازیی له‌ كوردستان و سه‌رانسه‌ری ئێران











رۆژی ٢٩ی ڕێبه‌ندان، ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دێموكڕاتی كوردستان له‌ به‌یاننامه‌یه‌ک دا پشتیوانیی خۆی له‌ بانگه‌وازی هێزو ئه‌نجومه‌ن و نه‌هاده‌ سیاسی و مه‌ده‌نییه‌ ئازادیخوازه‌كان بۆ ناره‌زایه‌تی ده‌ربڕین و هاوپێوه‌ندیی بزووتنه‌وه‌ی سه‌رانسه‌ری و خه‌ڵكی كوردستان له‌ رۆژی ١ی ره‌شه‌مه‌دا، رایگه‌یاند: «شوورای هاوهه‌نگاوی رێگای سه‌وزی ئومێد، رۆژی یه‌كشه‌ممه‌، یه‌كی ره‌شه‌مه‌ حه‌وته‌مین رۆژی شه‌هید بوونی دوو لاوی كورد (سانع ژاڵه‌ و محه‌ممه‌د موختاری) له‌ خۆپێشاندانه‌كانی ٢٥ی ڕێبه‌ندانی رابردووی دا، وه‌ک رۆژی هاوپێوه‌ندی له‌گه‌ڵ هاونیشتمانانی كورد، راگه‌یاندوه‌. ئه‌م بانگه‌وازه‌ له‌ لایه‌ن زۆربه‌ی حیزب و رێكخراوه‌ سیاسییه‌كان و ئه‌نجومه‌ن و كۆمه‌ڵه‌ مه‌ده‌نییه‌كانی رۆژهه‌ڵاتی كوردستان، پێشوازی لێ كردووه‌.

**ده‌قی به‌یاننانه‌ی پشتیوانی حدک له‌م بانگه‌وازه‌ له‌م ژماره‌یه‌ی «كوردستان» دایه‌.**

## سوپاسنامه

### به‌ بۆنه‌ی به‌ڕێوه‌چوونی هه‌ڵمه‌تی١٠رۆژه‌ی دژ به‌ ئێعدامی به‌ندیه‌سیاسییه‌كان

رۆژی ٧ی ڕێبه‌ندانی ئه‌مساڵ(٢٧ی ژانویه‌)، ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دیموكراتی كوردستان له‌ بانگه‌وازێكدا، ده‌یه‌ی فه‌جر(١٢تا٢٢ی ڕێبه‌ندان)ی وه‌ک ده‌یه‌ی به‌ربه‌ره‌كانی له‌ گه‌ڵ ئێعدامی به‌ندیه‌ سیاسییه‌كان راگه‌یاند و داوای له‌ سه‌رجه‌م حیزب و رێكخراوو كه‌سایه‌تییه‌ خه‌باتگێڕه‌كانی كوردستان و ئێران كرد به‌ یه‌كه‌وه‌ له‌م ١٠ رۆژه‌دا،هه‌وڵه‌كانیان به‌ مه‌به‌ستی له‌قاودانی ئێعدامه‌كان له‌ كۆماری ئیسلامی، به‌رزكردنه‌وه‌ی ده‌نگی ناره‌زایه‌تی له‌م پێوه‌ندییه‌دا و هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی سزای ئێعدامی به‌ندییه‌ سیاسییه‌كان چڕوپڕ بكه‌ن.

ئه‌گه‌رچی بۆ وه‌ڕێخستنی هه‌ڵمه‌تێكی سیاسی، ته‌بلیغاتی و له‌قاوده‌رانه‌،ماوه‌یه‌كی كورت له‌به‌رده‌ست دا بوو و نه‌ک لایه‌نه‌كانی ده‌ره‌وه‌ی حیزب، به‌ڵكوو رێكخراوه‌ و دامه‌زراوه‌كانی حیزبی دیموكراتی كوردستانیش،به‌ره‌ورووی ئیبتكارێكی له‌نه‌كاو به‌ڵام پێویست ببوونه‌وه‌، به‌زوویی ئه‌م بانگه‌وازه‌ له‌ گه‌ڵ پێشوازیی گه‌رمی رێكخراوه‌كان و دامه‌زراوه‌كانی حیزب له‌ كوردستان و ده‌ره‌وه‌ی وڵات و هه‌ر وه‌ها له‌ گه‌ڵ پشتیوانیی به‌رچاوی لایه‌ن و كه‌سایه‌تییه‌ خه‌باتگێڕ و مرۆڤدۆسته‌كانی كورد و ئێرانی به‌ره‌وڕوو بوو.

به‌ دوای بڵاوبوونه‌وه‌ی بانگه‌وازی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دیموكراتی كوردستاندا،»كه‌مپینی ١٠ رۆژ خه‌بات دژی ئێعدام» وه‌ڕێ كه‌وت. له‌ رێگای ئه‌و كه‌مپینه‌وه‌، هه‌ر وه‌ها به‌ هه‌وڵی راگه‌یه‌نه‌كان، كۆمیته‌كان و نوێنه‌رایه‌تییه‌كانی حیزبی دیموكراتی كوردستانه‌وه‌، ژماره‌یه‌كی به‌رچاو كه‌سایه‌تیی سیاسی و فه‌رهه‌نگی،رۆشنبیران و رۆژنامه‌نووسان و چه‌ندین رێكخراوی كۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نی،ده‌نگی خۆیان تێكه‌ڵ به‌ ده‌نگی كه‌مپینی ١٠ رۆژ خه‌بات به‌ دژی ئێعدام كرد و له‌ سێداره‌دانی چالاكانی سیاسی و مه‌ده‌نیی رۆژهه‌ڵاتی كوردستان و ئێرانیان له‌ لایه‌ن رێژیمی كۆماری ئیسلامییه‌وه‌ مه‌حكووم كرد. له‌ لایه‌كی دیكه‌وه‌ هاوكات له‌ گه‌ڵ ئه‌م هه‌وڵانه‌، ده‌یان پارلمانتێر له‌ هه‌ریمی كوردستان،ده‌نگی ناره‌زایه‌تی دژی ئێعدامه‌كان له‌ رۆژهه‌ڵاتی كوردستان و ئێرانیان به‌رز كرده‌وه‌.

له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات، چه‌ندین رێپێوان، خۆپێشاندان و چالاكیی جۆراوجۆر له‌ پێته‌خت و شاره‌ گه‌وره‌كانی ئورووپا و ئه‌مریكا به‌ مه‌به‌ستی پشتیوانی له‌ بانگه‌وازی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دیموكراتی كوردستان ومه‌حكوومكردنی ئێعدامی به‌ندیه‌ سیاسییه‌كانی كورد و ئێرانی به‌ڕێوه‌ چوون. له‌ رێگای ئه‌و چالاكییانه‌وه‌، ئه‌ندامان و لایه‌نگرانی حیزبی ئێمه‌ و رێكخراوه‌ سیاسییه‌كانی دیكه‌ی رۆژهه‌ڵاتی كوردستان و زۆر كه‌سی سه‌ربه‌خۆی كورد وئێرانی داوای هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی حوكمی ئێعدامی به‌ندییه‌ سیاسییه‌كان و دروشمی ئازادیی ئه‌وانیان به‌رز كرده‌وه‌.

ل ٣

## حیزبی دێموكراتی كوردستان، هه‌ڵوێستی خۆی له‌باره‌ی رووداوه‌ خوێناوییه‌كه‌ی سلێمانی، راده‌گه‌یه‌نێ

له‌ به‌یاننامه‌یه‌ک دا كه‌ رۆژێک دوای رووداوه‌ خوێناوییه‌كه‌ی سلێمانی بڵاوبۆوه‌، ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دێموكڕاتی كوردستان، رووداوه‌كه‌ی رۆژی ٢٠١١/٢/١٧ به‌رده‌م لقی ٤ی پارتی دێموكڕاتی كوردستان له‌ سلێمانی كه‌ كوژراوێک و چه‌ندین برینداری لێ كه‌وته‌وه‌، ئه‌نجامی ئه‌مجۆره‌ رووداوانه‌ی، به‌ مایه‌ی په‌رۆشی و نیگه‌رانی، بۆ هه‌موو هێزو لایه‌ن و تاكێكی دڵسۆزو نیشتمانپه‌روه‌ری كورد ناوبردوه‌. به‌یاننامه‌كه‌، سه‌رنجی سه‌رۆكایه‌تیی هه‌رێم، لایه‌نه‌كانی نێو ده‌سه‌ڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆلای هه‌ستیاربوونی بارودۆخه‌كه‌ و پێویستیی چاره‌سه‌ری به‌په‌له‌ی گرفته‌كه‌ راكێشاوه‌.

**ده‌قی به‌یاننامه‌كه‌ له‌ لاپه‌ڕه‌ ٥ی ئه‌م ژماره‌یه‌ی «كوردستان» دایه‌.**

## مێهدی كه‌ڕوبی:

### ئه‌گه‌ر له‌ خۆتان دا غیره‌ت و ئازایه‌تی شک ده‌به‌ن، وه‌رن به‌ ئاشكرا دادگاییمان بكه‌ن



مێهدی كه‌روبی له‌ نوێترین دژكرده‌وه‌ به‌ هه‌ڵوێستی به‌رپرسانی ده‌سه‌ڵاتداری كۆماری ئیسلامیدا رایگه‌یاندوه‌ كه‌ ئه‌گه‌ر له‌توانانان دایه‌و ده‌وێرن وه‌رن به‌ ئاشكرا دادگایمان بكه‌ن.

مێهدی كه‌روبی له‌ په‌یامێكدا وه‌ک دژكرده‌وه‌ به‌ ئه‌و داواكاریانه‌ی بۆ دادگایی كردنی خۆی و مووسه‌وی له‌ ئارا دایه‌، روو به‌ به‌رپرسانی كۆماری ئیسلامی رایگه‌یاندوه‌ كه‌ ئه‌گه‌ر به‌رپرسانی كۆماری ئیسلامی ده‌وێرن، وه‌رن دادگاییمان بكه‌ن، به‌ڵام ئه‌و دادگایی كردنه‌ با به‌ ئاشكرا بێ.

كه‌روبی رایگه‌یاندووه‌ كه‌ ئه‌گه‌ر غیره‌تیان هه‌یه‌ با وه‌ک حكوومه‌تی شا بكه‌ن و له‌ دادگایه‌كی ئاشكرادا و وه‌ک تاڵه‌قانی و گولسرخی و بوخارایی و ده‌یان كه‌سی له‌و چه‌شنه‌ دادگاییمان بكه‌ن.

شایانی باسه‌ كه‌ فشار بۆسه‌ر رێبه‌رانی بزووتنه‌وه‌ی سه‌وز له‌ماوه‌ی چه‌ند رۆژی رابردوودا دوای به‌رێوه‌چوونی خۆپیشاندانه‌كه‌ی ٢٥ ی رێبه‌ندان په‌ره‌ی ئه‌ستاندووه‌.

به‌پێی زانیارییه‌كان ماڵی كه‌روبی و مووسه‌وی و خاته‌می له‌لایه‌ن لیباس هێزه‌ شه‌خسی و ناوه‌نده‌ ئه‌منیه‌تییه‌كانه‌وه‌ له‌ژێر چاودێری دایه‌.

## جان مه‌ک كین:

### ئه‌مریكا ده‌بێ هه‌وڵ بۆ گۆڕینی حكوومه‌تی ئێران بدا



جان مه‌ک كین، سیناتۆری كۆماریخوازی كۆنگره‌ی ئه‌مریكا خوازیاری گۆڕینی حكوومه‌تی ئێران بووه‌و رایگه‌یاندوه‌ كه‌ ئه‌و حكوومه‌ته‌ سه‌ركوتگه‌ر و بێ به‌زه‌ییه‌.

مه‌ک كین له‌ وتووێژێكدا له‌ گه‌ڵ ده‌نگی ئه‌مریكا رایگه‌یاند كه‌ ئه‌مریكا پشتیوانی له‌ نارازییانی ئێرانی ده‌كا.

ناوبراو له‌و لێدوانه‌یدا لۆمه‌ی باراک ئوبامای كرد كه‌ پێشتر هه‌وڵی بۆ وتووێژ و سازان له‌ گه‌ڵ به‌رپرسانی ئێرانی دابوو.

شایانی باسه‌ كه‌ ئوباما تا ئێستاش هه‌ر پێداگری له‌ سه‌ر گه‌مارۆ و رێگا چاره‌ی دیپلوماتیک له‌ گه‌ڵ ئێران ده‌كا، ئه‌وه‌ له‌ حاڵێک دایه‌ كه‌ هه‌ندێ له‌ به‌رپرسانی كابینه‌ی ئوباما لێدوانگه‌لێكی توندیان له‌ پێوه‌ندی له‌ گه‌ڵ سه‌ركوتی توندوتیژی خۆپیشانده‌رانی ئێرانی له‌ لایه‌ن كۆماری ئیسلامیه‌وه‌ داوه‌

## شه‌پۆلی ناڕه‌زایه‌تییه‌كان له‌ رۆژهه‌ڵاتی نێوه‌راست له‌ په‌ره‌سه‌ندنێكی خێرادان



پاش سه‌ركه‌وتنی شۆڕشه‌كانی تونس و میسر ناڕه‌زایه‌تییه‌ جه‌ماوه‌رییه‌كان چه‌ند وڵاتێكی دیكه‌ی رۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست گرتۆته‌وه‌. له‌ماوه‌ی یه‌ک هه‌فته‌ی رابردوودا ئه‌م شه‌پۆله‌ به‌ خێراییه‌كی بێ وێنه‌ وڵاتانی ئێران، یه‌مه‌ن، به‌حره‌ین، ئه‌لجه‌زایر، لیبی و ئۆردۆنی گرته‌وه‌.

رۆژێک دوای ده‌ست له‌كار كێشانه‌وه‌ی حوسنی موباره‌ک، سه‌رهه‌ڵدانه‌كان له‌ یه‌مه‌ن ده‌ستی پێكرد. هاوكات له‌ لیبی و به‌حره‌ین خۆپێشاندان رووی دا. له‌م خۆپێشاندانانه‌دا به‌ ده‌یان كه‌س كوژراو و بریندار بوون. به‌حره‌ین ٤ كه‌س، لیبی ١٢ كه‌س و ئێران ٢ كه‌س.

له‌رووی هه‌ڵوێستی هێزه‌ ئێزامی و ئه‌منییه‌تییه‌كانه‌وه‌، به‌ڕای چاوه‌دێرانی سیاسی، ئێران هێزه‌ ئه‌منییه‌تی و نیزامییه‌كانی دڕندانه‌تر له‌ هه‌موو وڵاتانی دیكه‌ جووڵاونه‌ته‌وه‌.

ئه‌م سه‌رهه‌ڵدانانه‌ رۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاستی له‌به‌رده‌م قۆناخێكی هه‌ستیاری مێژوویی داناوه‌ و هه‌ندێک كه‌س وه‌ک ده‌ستپێكردنی قۆناخی دروست بوونی رۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاستی نوێ پێناسه‌ی ده‌كه‌ن. سه‌رهه‌ڵدانه‌كانی رۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست له‌ ئاستی جیهانییش دا گرینگییه‌كی زۆری پێده‌درێ و رۆژئاواییه‌كان به‌گشتی پێشوازی له‌ سه‌رهه‌ڵدانانه‌ ده‌كه‌ن.

# به مەبەستی پشتیوانی لە بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٠ ڕۆژ بەربەرەکانی دژی ئێعدام لە وڵاتانی دەرەوە

### نۆرویژ

ڕۆژی سێشەممە ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ لە ئۆسلۆ پێتەختی نۆرویژ سەدان کەس لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان، ئێرانییە ئازادیخوازەکانو چەندین کەسایەتیی نۆرویژی لە خۆپیشاندانێکی ڕێکو پێکدا دەنگی نارەزایەتییان بە دژی حوکمی سێدارەی چالاکانی سیاسیو مەدەنیی ئێران بەگشتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بەرز کردەوە.

یەکەم ویستگەی خۆپیشاندانەکە بەچەند




وتەیەک لەلایەن ئاکسێل هاگێن ئەندامی پارلەمانی نۆرویژ ئەندامی پارتی سۆسیالیستی چەپی نۆرویژ بۆ دەستی پێ کرد. ناوبراو لە بەشێکی قسەکانیدا گوتی کەحکومەتی ئیسلامیی ئێران بەدرێژایی تەمەنی خۆی بە بەردەوامی مافەکانی مرۆڤی پێشێل کردووەو ڕێژیمێکی تێرۆریستییەو گەلانی ئێرانی بەشێوەی جۆراوجۆر خستۆتەبەر فشارو ئەشکەنجە کە یەکێک لەو نەتەوانە کوردەکانن. حکوومەتی ئێران تەنیا دەسەڵاتێک نیە کە پشتیوانی لە تێرۆرو بەڕێوەبەری حوکمی سێدارە لە جیهان دەکا، بەڵام یەکێک لە حکوومەتە ناودارەکانی ئەم بوارەیە.

بەشی دووهەمی خۆپیشاندانەکە لە بەردەم پارلەمانی نۆرویژ بوو کە نوێنەری خۆپیشاندەران داوانامەیەکیان پێشکەشی پارلەمان کرد، کە بۆ بەرگریی لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی و ڕاگرتنی حوکمی سێدارەی بەندکراوە سیاسیو مەدەنییەکانی کوردو سەرجەم نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران ئامادە کرابوو. دواتر خۆپیشاندەران بەرەو وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ کەوتنە ڕێو هەمان داوانامەیان پێشکەشی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە کرد.

لە بەردەم وەزارەتی دەرەوە هاشم ڕۆستەمی سەبارەت بە ئامانجی ڕێپێوانەکە بۆ بەشداران قسەی کرد.

هاشم ڕۆستەمی لە قسەکانیدا ڕایگەیاند کە ئەمڕۆ ئێمە لێرە کۆبووینەوە تا نارەزایەتیی خۆمان جارێکی دیکە بە بیرورای گشتیی جیهان ڕابگەیەنین کە ئێمە دژی ئێعدامین، ئێمە دژی زوڵمو زۆرین، ئێمە دژی زیندانی کردنی خەڵکی بێتاوانو کەسانی سیاسی، فەرهەنگیو ئەدەبین. لێرە کۆبووینەوە تا بە حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بڵێین «بەڵێ بۆ ئەم بانگەوازە بەجێو دروستە».

لە بەشێکی دیکەی ئەم خۆپیشاندانەدا کوێستان گادانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتەیەکی بە زمانی نۆرویژی پێشکەش کرد، ناوبراو سەرەتا سوپاسی بەشداریی بەرچاوی ئەندامانی حیزبو سەرجەم ئەو کەسانەی کرد کە ئامادەی ئەم خۆپیشاندانە بوونو سەبارەت بە مێژووی دەیەی فەجر بۆ بەشداران قسەی کرد.

بەڕێز حوسێن خەلیفە بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ پەیامی پشتیوانی لە بانگەوازی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێشکەش کرد.

ئارن لیوت ئاسک بەرپرسی پێوەندییە نەتەوەییەکانی حیزبی سووری نۆرویژ کە لەم خۆپیشاندانەدا بەشداربوو لە وتەیەکی کورتدا باسی لەوە کرد کە شۆڕشی گەلانی ئێرانو بەشداریی تێکرای خەڵک توانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران بڕووخێنێ، ئێستاش گەلانی ئێران بە شۆڕشێکی یەکپارچە دەتوانن ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرە بڕووخێنن.

ڕەفیق غەفوور بەرپرسی ناوەندی چاوەدێری کوردۆساید- چاک،لە برگەیەکی دیکەدا وتارێکی پێشکەش کرد، یان ئێریک لەلایەن ڕێکخراوی ئێس ئۆ ئێس راسیسمە، ڕێکخراوی دژی ڕەگەزپەرستی بەشداربوویەکی دیکەی خۆپیشاندانەکە بوو، ناوبراو لە وتەیەکدا باسی لەوە کرد کە، ڕێکخراوەکەمان پشتیوانیی لە کوردەکان دەکا بۆ ئەوەی ڕەگەزپەرستی نەمێنێو وڵاتی سەربەخۆی خۆیان هەبێ. هەروەها لەم خۆپیشاندانەدا یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ بەشداریی چالاکانەیان هەبووو چالاک مەعرووفی بە نوێنەرایەتیی یەکیەتیی لاوان پەیامی پشتیوانیی کۆمیتەی ڕێکخراوەکەیان لە نۆرویژی بۆ بەشداران خوێندەوە.

### دانمارک _ ئالبۆرگ

بەیانیی شەممە، ١٦ ی ڕێبەندان خۆپیشاندانێکی بەرین لە وڵاتی دانمارک بەڕێوە چوو.

لەو خۆپیشاندانەدا کە بە بەشداریی ئەندامانی زۆربەی هێزە کۆردستانییەکان ونیشتمانپەرورانی کورد و ئێرانییەکانی دانیشتووی دانمارک لە ناوەندی شاری ئالبۆرگ بەڕێوە چوو، ئامادەبووان سیاسەتی سەرکوت و ئیعدامی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کرد.

لەو خۆپیشاندانەدا لە لایەن کۆمیتەی حیزبەوە نێوەرۆکی بانگەوازەکەی دە فتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیەوە بە زمانی کوردی ودانمارکی بە نێو بەشدارانی خۆپیشاندانەکە و کەسانی دەوروبەردا بڵاو کرایەوە.

### فەڕانسە

ڕۆژی شەممە ١٦ی ڕێبەندان لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسییەکان لە شاری پاریس و بە مەبەستی مەحکومکردنی سیاسەتی ئیعدامی ئازادیخوازانی کورد و ئێرانی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە خۆپیشاندانێک لە مەیدانی سەن میشێلی ئەو شارە بەڕێوەچوو.

لەو خۆپێشاندانەدا کە بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کورد و ئێرانییەکانی دانیشتووی



پاریس بەڕێوە چوو، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەڵگرتنی ئارمی حیزب و چەند پۆستێرێک لە مەڕ دیاریکردنی دەیەی بە ناو فەجر بە دەیەی بەربەرەکانی لە گەڵ سزای ئێعدام بەشداریی چالاکانەیان بوو.

لە ماوەی خۆپێشاندانەکەدا بەشداربووان بە دانی دروشم بە زمانی فەرانسەیی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی سەرکوت و ئێعدامی ئازادیخوازانیان مەحکووم کرد و خوازیاری ئازادیی زیندانیانی سیاسی و هەڵوەشانەوەی سزای ئێعدام لە ئێران بوون.

### ئاڵمان

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ١٦ ی ڕێبەندان خۆپێشاندانێک لە نیوەڕاستی شاری فڕانکفورت بەڕێوە چوو.

لەم خۆپێشاندانەدا کە بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کورد و ئێرانیەکانی فڕانکفورت و دەوروبەر بەڕێوە چوو، خۆپیشاندەران بە پێشاندانی دەیان وێنە لە ئێعدام کراوانی ئەم دواییانەو هەروەها ئەوانەی کە حوکمی سێدارە و زیندانیان بەسەردا سەپاوە، سەرنجی بیروڕای خەڵکیان بۆ لای پێشێلکرانی سیستێماتیکی مافی مرۆڤ لەئێران ڕاکێشا.

جێی باسە کە کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاڵمان وەک لایەنێک لە پێکهێنەرانی ئەم ئاکسیۆنە بەشداریی چالاکانەیان لەو خۆپیشاندانەدا کرد.

### فینلاند

کوردەکانی دانیشتووی فینلاند خۆپێشاندانێکی بەرینیان بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی لە



سزای ئێعدام لە ئێران بەڕێوە برد.

ڕۆژی هەینی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ی هەتاوی و لە ٣٢ هەمین ساڵرۆژی شۆرشی گەلانی ئێران کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردستانیانی دانێشتووی فینلاند بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و وێنە و پۆستێری پێوەندیدار بە ئیعدام و سەرکوتی ئازادیخوازان و تێکۆشەرانی کورد و ئێرانی لە لایەن کۆماری ئیسلامی و بە وتنەوەی دروشم بە زمانەکانی کوردی و فینلاندی لە بەردەم پارلمانی فینلاند لە شاری هێلسینکی کۆبوونەوە.

لە خۆپیشاندانەکەدا داخوازینامەی خۆپێشاندەران کە بە هەر دوو زمانی کوردی وفینلاندی نوسراوبوو، خوێندرایەوە. لە داخوازینامەی خۆپێشاندەران دا کە ڕوو بە ئەندامانی پارلمانی فینلاند، وەزارەتی دەرەوە و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ لەو وڵاتە نووسرابوو، هاتبوو کە «ئێمە کوردەکانی دانیشتووی فنیلاند یەکدەنگ و یەکگرتوو دەنگی نارەزایەتیی خۆمان لە بەرانبەر سزای لە سێدارە دانی ڕۆلەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕێبەرانی دەوڵەتی کودەتا ڕادەگەیەنین و هەموو یەکدەنگ هاوار دەکەین کە با زیندان و ئەشکەنجە و لە سێدارەدان وخوێنڕشتن کۆتایی پێ بێ.

دوای خوێندنەوەی پەیامی خۆپێشاندەران هەیئەتێکی چوار کەسی لە خۆپێشاندەران لە گەڵ «ئیلکا کانتۆلا»، سەرۆکی بەشی مافی مرۆڤی پارلمانی فینلاند و خاتوو «پاوڵا مۆیساندەر» کۆ بوونەوە و ئامانج و خواستی خۆپێشاندەرانیان روون کردەوە و لەو پەیوەندیەدا چەندین بابەت وراپۆرتی پێشتر نووسراوی «ئەمنیستی ئەنترناسیۆنال» کە لە سەر کوردەکان و پێشێلکرانی مافەکانیان و ئێعدامی ڕۆلەکانیان لە ئێران دا ئامادە کرابوو، پێشکەش بە بەرێز « کانتۆلا» کرا.

لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکەداشاندی خۆپێشاندەران داوای کرد و هیوای خواست کە دەوڵەتی فینلاند لە کانالی دیپلۆماتیکەوە پەیوەندی بە کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بکەن وزەخت وتوانای خۆیان بە کار بنن بۆ ئەوەی پێش بە جێ بە جێ کردنی حوکمی ئێعدامی ڕۆلەکانی کورد لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی دا بگرن. بەرێز «کانتۆلا» نیگەرانیی خۆیانی لەمەڕ وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێران دا دەربری و ڕاشیگەیاند کە دەوڵەتی فینلاند هاورا لە گەڵ یەکیەتیی ئورووپا وێڕای نیگەران بوونیان لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، چاوەدێری ڕووداوەکانی ئێران دەکەن و نوێنەرانی خۆپیشاندەرانیشیان دڵنیا کردەوە کە پەیامی خۆپێشاندەران بە ئەندامانی پارلمانی فینلاند دەگەیەنێ.

دوابەدوای کۆتایی دیدارەکە، لوقمان زەهرایی و بەشیر ئەمیر خانی ڕاپۆرتی دیدار لە گەڵ سەرۆکی بەشی مافی مرۆڤ لە پارلمانی فینلاندیان بە ئاگاداریی خۆپێشاندەران گەیاندەوە.

شایانی باسە کە پێکهێنەرانی ئەو خۆپێشاندانە لە فینلاند بریتی بوون لە :کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بزوتنەوەی دێموکراتیکی یارسان، کۆمیتەی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، ڕێکخراوی مەدەنیی ناوەندی چاک،

### سویس

ڕۆژی شەممە٢٣ ی ڕێبەندان و لە سەر بانگەوازی کومیتەی بەرگری لە خەباتی گەلانی ئێران خۆپیشاندانێکی بەرین لە مەیدانی هەلۆێتیا پڵاتز بەرێوە چوو.

لەو خۆپیشاندانە هێمنانەیەدا کە بە بەشداریی زیاتر لە ٢٠٠ کەس و ئەندامانی چەند حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنیی کورد و ئێرانی بەڕێوەچوو، سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بە گشتی و بە تایبەت سیاسەتی ئەشکەنجە و ئێعدام و قەڵاچۆ و تێروری چالاکانی سیاسی و مەدەنیی ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە مەحکوم کرا.

کومیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەر لەو پێوەندییەدا و بۆ بەدەنگەوە هاتنی بانگەوازی با دیەی فەجر بکەینە دەیەی خەبات بەدژی «ئێعدام»، بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکڕات لەم وڵاتە بەشداریی چالاکانەیان لەو خۆپیشاندانەدا کرد و بە دروشم و نووسراوە و پۆستێری شەهیدان و زیندانیانی سیاسیی کورد و ئارمی حیزب و پوستێری تایبەت بەو ڕۆژە و بە هەڵ گرتنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان هاتنە مەیدان .

شایانی باسە خۆپێشاندەران بە بڕینی ڕێگایەکی



دوور و درێژ لەنێوشاری بێرن و بە کوتنەوەی دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی و نا بۆ ئێعدام و کوشتنی خەڵکی مەدەنی بەرەو مەیدانی گەورەی شار لە نیزیک ویستگەی قەتار و پڕهاتوچۆترین مەیدانی شار وەرێ کەوتن.

لەو شوێنە پەیامی کومیتەی دیفاع لە گەلانی ئێران بەزمانی کوردی و فارسی خوێندرانەوە.

پاشان بڕیارنامە و داوکاریی خۆپێشاندەران پێشکیش کرا کە تێیدا هاتبوو زیندانیی سیاسی نابێ ئێعدام بکرێ و ئێعدام و ئەشکەنجە دەبێ هەڵ بگیرێ مافی نەتەوەکانی ژێردەستی ئێران و مافی کەمینە ئاینییەکان دەبێ بە ڕەسمی بناسرێ.

### ئەمریکا

ڕۆژی شە ممە ٢-١٢-٢٠١١کاتژمیر ٢ تا ٥ی پاشنیوەڕۆ خۆپیشاندانیکی گەورە لە بەر دەم دەفتەری پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کوماری ئیسلامیی ئیران، لە شاری واشینگتون پایتەختی وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکا بەڕێوە چوو .

ئەم خۆپیشاندانە کە بە دژی کوماری ئیسلامیی



ئێران و بۆ ئیدانە و مەحکووم کردنی سیاسەتە دژی گەلیەکانی ئەو حکوومەتە و ئێعدام و زیندان و شکنجەی ڕۆڵەکانی گەلانی ئیران بەڕێوە چوو، بە سەدان کەس لە کوردان و ئێرانیەکانی دانیشتوانی واشینگتون و دەورووبەری، تێدا بەشداربوون. خۆپیشاندانەکە بەسەدان ئاڵا و وینەی ئێعدام کراوان و پلاکارتی جوراوجور ڕازابووە و بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی دروشمیان دەدا.

پێویستە بگوتری کە لەم خۆپیشاندانە دا ژمارەیەکی زور لە ئەندامان و لایانگران و دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کوردانی بەشەکانی تری کوردستان چالاکانە بە شداریان تیدا کرد.

## ئوتریش

بۆ پشتیوانی لە کەمپەینی نا بۆ سێدارە، کۆمیتەی نا بۆ ئیعدام نا بۆ کۆماری سێدارە لە وڵاتی ئوتریش لە زنجیرە چالاکیەکی تایبەت دا، ریسواییەکان و




کردەوە دژەمرۆڤایەتییەکانی کۆماری سێدارە لە قاو دەدات.

چالاکیەکان لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١١/٢/٧ وە دەستیان پێکردو و تا ڕۆژی ٢٠١١/٢/١١ واتا بۆ ماوەی حەوتویەک درێژەیان هەبوو.

چالاکیەکان بریتین بوون لە:

لەماوەی یەک حەوتودا چالاکی بێ پسانەوە ،هەموو ڕۆژێک لە کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانیەوە تا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لە بەر دەرگای ناوەندی جاسوسی ڕێژیم واتا سەفارەتی ڕێژیم لە ناو جەرگەی شاری ڤییەن دا پێشانگایەک لە وێنەی جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەروەها دروشمی جۆراوجۆر دانرابوو ئەم پێشانگایەکە پێشانگای جنایەتەکانی کۆماری سێدارە بوو سەرنجی خەڵکانێکی زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێش و لە ڕۆژی هەینی واتا ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران خۆپێشاندانێکی مەزن لە بەر دەرگای ئۆپێڕای شاری ڤییەنەوە تا بەردەرگای لانەی جاسوسی ڕێژم بەڕێوە چوو، لەم خۆپێشاندانەدا کە ئێرانی و کوردەکانی نیشتەجێ لەم وڵاتە بەشدارییان تێدا کرد بە دیان دروشمی جۆراو جۆر ئاڵای پیرۆزی کوردستان ڕەنگ و ئاڵای ڕێکخراوەکانی بەشدار بە مەودایەکی ١٠ کیلۆمیتری بڕی و لە بەردەرگای لانەی جاسوسی ڕێژیم بۆ ماوە کاتژمێرێک دروشم گوترایەوەو لە کۆتایشدا پەیامی ئەم کۆمیتەیە بە هەر سێ زمانی کوردی و فارسی و ئاڵمانی خوێندرایەوە. پێویستە بگوترێ کە ئەرک و بەشداری ئەندام و لایەنگرانی حدک لەم وڵاتە زۆر بەرچاوو بوو بەشی فیلم و دۆکیومیتی حدک کۆمیتەی ئوتریش زۆر فەعالانە لەم ئاستەشدا بەشداری کرد.

جێگای ئاماژەیە کە ئەم زنجیرە چالاکییە لە لایەن نوێنەرایەتی کۆمیتەی حدک پێشنیارکراوبوو و لە لایەن حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشدار لەم کۆمیتەیە بە دڵەوە پەسند کرابو.

## دانمارک

کومیتەی دانمارکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ٢٣ ی ڕێبەندان ڕێپێوانێکی بە مەبەستی مەحکوومکردنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لە گەڵ ئێعدامی ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی گەلی کورد بەڕێوە برد.




ئەو خۆپێشاندانە کە بۆ وەڵامدانەوە بە بانگەوازی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ناونانی دەیەی بە ناو فەجر بە دەیەی بەربەرەکانی لە گەڵ ئێعدام وەرێ خرابوو، لە یەک کاتدا و لە دوو شۆێنی قەرەباڵغی ناوەندی شاری کۆپێنهاک واتە مەیدانی «ویستەبرو چوویت» و مەیدانی شارداری سەرنجی خەڵکی دەوروبەری ئەو شوێنانەی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو کە دواتر ئەو دوو بەشە لە حەشیمەتی خۆپیشاندەران لە مەیدانی « سکالا» یەکیان گرتەوە و کۆبوونەوەیەکی بەرینیان وەڕێ خست.

خۆپیشاندەران لەو ڕێپێوانەدا لە گەڵ هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان و وێنەی شەهیدانی ریگای رزگاریی کوردستان وئیعدامییەکانی ئەم دواییانە، تراکتی پێوەندیدار وئاڵای کوردستانیان بە نێو خەڵکی دانمارکی دا بڵاوکردەوە، بە جۆرێک کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی دانمارکیش تێکەڵ بە خۆپیشاندەران بوون.

لە مەیدانی سکالا وێڕای ڕاگەیاندنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کوردستان، پەیامی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیەوە لە لایەن کاک ناسر پیرانی، بەرپرسی کومیتەی دانمارکی حدک پیشکەشی ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە کرا.

خوێندنەوەی پەیامی دەفتەری سیاسیی حدک بە زمانی ئینگلیزیی، خوێندنەوەی پارچە پەخشانیک لە لایەن بەرێوەبەری بەرنامەکە و هەروەها خوێندنەوەی پەیامی پیشتیوانیی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ویەکیەتیی ژنانی دێموکرات چەند برگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەویە ئیعترازییە بوون.

# پەیوەست بوونی پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردستان

# بە ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە

کوردستان: پاش ٢ مانگ پەروەردە و راهێنان لە فێرگەی سیاسی، نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردستان بە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتەوە پەیوەست بوون. هەر بەم بۆنەیەوە ڕۆژی دووشەممە، ٢٥ ی ڕێبەندان ڕێورەسمێک بە بەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەری و سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە یەکێک لە سالۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕێژەی نیزامیی بەشدارانی دەورە دەستی پێ کرد.

دواتر ئەو ڕێوڕەسمە بە وتارێک لە لایەن کاک ڕەحمان پیرۆتی، ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سالۆنی بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی حیزب درێژەی پێ درا.

ڕەحمان پیرۆتی لە وتارەکەیدا وێڕای پیرۆزبایی کۆتایی دەورەی ١٩٥ ڕایگەیاند پەیوەست بوونی ئەو پۆلە لە لاوانی کورد بە ریزەکانی حیزب لە حاڵێک دایە دێنە کە ڕەوتێکی بەرفراوانی دیموکراسی خوازی وڵاتانی ناوچەی گرتۆتەوە و لە ئێرانیشدا ڕێژیم تووشی قەیرانێکی ناوخۆیی و دەرەکیی قووڵ بۆتەوە.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا رایگەیاند کە جێگای خۆیەتی کە لەم کاتە هەستیارەدا لاوانی کورد زیاتر بێنە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبەوەو بەشداریی زیاتریان لە شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەیاندا هەبێ.

دوای قسەکانی هاوڕێ ڕەحمان پیرۆتی وتاری کۆتایی دەورەی ١٩٥ ی پێشمەرگە لە لایەن، یەکێک لە بەشدارانی دەورەوە خوێندرایەوە. پاشان خەڵات بە سەر ٧ کەس لە بەشدارانی ئەم دەورەیە دا دابەش کرا کە لە



تاقیکردنەوەکان و لە باری نەزم و ڕێکوپێکیەوە پلەی ١ تا ٣ یان بەدەست هێنابوو.

نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەش بە پێشکەش کردنی چەند گۆرانی بە دەنگی هونەرمەند ئاوات سولەیمانی رازایەوە. ئەو ڕێوڕەسمە بە گۆرانی و هەڵپەڕکیی بەشداران کۆتایی پێ هات.

# ڕاپۆرتی بەڕێوەچوونی ٢ی ڕێبەندان لە ڕۆژئاوای کانادا



کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژئاوای کانادا ڕۆژی یەکشەممە ١٧ ی زایینی لە شاری ڤانکۆڤێر ڕێورەسمێکی بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ٦٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردەکانی دانیشتووی کانادا و بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕیز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد، لە گەڵ ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و دامەزرێنەرانی کۆمار بەڵێن نوێ کرایەوە.

لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەم بۆنەیەوە لە لایەن کاک خەلیل ئەشکانی، ئەندامی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژئاوای کانادا خویندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا پەیامی پیرۆزبایی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە بەم بۆنەیەوە خوێندرانەوە:

یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران.

پێشکەش کردنی چەندین پارچە هەڵبەستی هەست بزوێن لە لایەن بەرێوەبەی بەرنامە، شنە ئەمینی، بەشێکیتر لە نێو ئاخنی بەرنامەکە بوون.

لە درێژەی شەو ئاهەنگی ئەو یادەدا هونەرمەندان ڕۆژ کەریم و ئاڵان تا درەنگانێکی شەو بە پێشکەشکردنی چەندین ئاهەنگ و گۆرانی ڕێورەسمەکەیان پتر ڕازاندەو.

درێژەی

### سوپاسنامە

## به بۆنەی بەڕێوەچوونی هەڵمەتی١٠ڕۆژەی دژ بە ئێعدامی بەندییەسیاسییەکان

هەڵمەتی ١٠ ڕۆژەی دژ بە ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان لە کاتێکدا بەڕێوە چوو کە ئێعدامی یەک بە دوای یەکی بەندییە سیاسییەکان لە ئێران لە بەرەبەری ٣٢ ساڵەی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیدا،درێژەی هەبوو. ئەم هەڵمەتە سیاسی، تەبلیغاتی و لەقاودەرانەیە، توانیی نیگەرانی و وزە و توانای ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی سیاسی، داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراو و لایەنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان ودەرەوەی وڵات بخاتەوە سەر یەک و بەگژ ڕێژیمی ئازادیکوژ و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامییدا بکاتەوە. گومانی تێدا نییە کە هەڵمەتی١٠ ڕۆژەی دژ بە ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان، سەرنجی خەڵکی خەباتکار لە نێوخۆی وڵات، ڕێکخراوە سیاسییە کورد و ئێرانییەکان و بیروڕای گشتیی وڵاتانی دەرەوەی پتر لە پێشوو بۆ لای تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت ئێعدامی ئازادیخوازان،راکێشاوە و هەڵمەتی بەرفرەوانتر و کاری هاوبەشی گەورەتر بە دژی ئێعدامەکان لە داهاتووی دا،وەک پێویستییەکی گرنگ خستۆتە ڕوو.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی بەڕێوەچوونی ئەم هەڵمەتە سیاسی، تەبلیغاتی و لەقاودەرانەیە، سوپاس و پێزانینی خۆی بە هەموو ئەو ڕێکخراو و لایەن و کەسایەتییانە ڕادەگەیەنێ کە پشتیوانییان لە بانگەوازی ئێمە کردو چالاکانە لە مەحکوومکردنی ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان لە کوردستان و ئێراندا بەشدار بوون. هەر لەوکاتەدا رادەگەیەنین کە تێکشکاندنی ماشێنی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی و ناچارکردنی ئەو ڕێژیمە بە دەستهەڵگرتن لە ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان و کوشتاری ئازادیخوازان، پێویستی بە هەڵمەت و کاری سیاسی و لەقاودەرانەی هاوبەش و بەردەوامی هەمووالایەک لە نێوخۆ و دەرەوە هەیە.

بە هیوای بەردەوامیی هەوڵەکان بۆ ڕزگارکردنی گیانی بەندییە سیاسییەکان و هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدامی ئازادیخوازان لە لە ئێراندا.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٧ی ڕێبەندانی ١٣٨٩**
**١٦ای فێوریەی ٢٠١١**

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان

# بە بۆنەیساڵڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی ئازادیخوازی ئێران!**
**خەڵکی خەباتگێڕوتێکۆشەری کوردستان!**

٣٢ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧دا شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی نیزامی پاشایەتی سەرکەوت و کۆتایی بە دەسەلاتی بنەماڵەی پەهلەوی هات. خەڵکی ئێران بە هەموو چین و توێژەکان و بە هەموو بیر و بۆچوونە جیاوازەکانیان و بەبەشداریی هەموو هێزە سیاسییەکانی ئەوکاتی ئێران لە چەپەوە بگرە تا ڕاست، لە مەزهەبییەوە بگرە تا سکۆلار لەو شۆڕشە بەربەرینە دا بەشداربوون. هەروەک پێکهاتەی هێزەکانی بەشدار لە شۆڕش دا جۆراوجۆر بوو، ئامانجەکانیش جۆراوجۆر بوون. ئەم مەسەلەیە بە ڕواڵەت دەبووا ئیمکانێکی قووڵی بۆ دیموکراسی و پلۆرالیزمی سیاسی پێک هێنابووایە کە لە بنەما سەرەکیەکانی سیستمی دێموکراسییە. لە ڕاستیدا هێزە شۆرشگێڕەکان لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی دا دەوری کاریگەریان هەبوو بەڵام لە بنیاتنانی سیستمی سیاسی و دامەزراندنی حکوومەتی دیموکراتیک دا بە تەواوی ناکام بوون. ئەمە ئیمکانی بۆ کەسێکی خاوەن نفووزی وەک ئایەتوڵڵا خومەینی و هاوفکرەکانی پێک هێنا کە بەکەڵک وەرگرتن لە هەستی مەزهەبیی خەڵک، سیستمی دڵخوازی خۆیان دابمەزرێنن کە بریتی بوو لە دامەزراندنی حکوومەتێکی ئیسلامی.

بە داخەوە ئەوەندەی ئایەتوڵڵا خومەینی و هاوفکرەکانی بەبەرنامە و یەکگرتوو بوون، ئەوەندەش هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکان بێ بەرنامە و پەرش و بڵاو بوون. بە هۆی دەرس وەرنەگرتن لە مێژوو بۆ چەندەمین جار لە ئێران دا مێژوو دووپاتە بۆوە. هەر لە بزووتنەوەی مەشرووتەوە بگرە لە سەرەتای سەدەی ٢٠دا تا جووڵانەوەی ساڵەکانی ١٣٢٥و ٢٦و تا سەردەمی حکوومەتی میللیی د. محەممەدی مصدق هۆی سەرەکیی هاتنەسەرکار و مانەوەی دیکتاتۆری لە ئێران دا هەر ئەو پەرش و بڵاوییە بووە. نەبوونی متمانە بەیەکتر لە نێو ئۆپۆزیسیۆن دا، جیاوازیی ئیدئۆلۆژیکی و ئێنکاری یەکتر، ڕوانگەی جیاوازیخوازانە لە بەرامبەر بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی گەلانی بێ مافی ئێران لە ڕابردوودا سێبەری خستۆتە سەر پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکان کە بەداخەوە ئێستاش ئەو هەلومەرجە تا ڕادەیەک باڵی بەسەر ئەو پێوەندییەدا کێشاوە.

ئەو هەلومەرجە دەرفەتێکی لەباری بۆ ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو پێک هێنا کە بناخەکانی خۆی پتەو بکاو بە شێوەیەکی تاکتیکی و زۆر بە بەرنامە بەرەبەرە هەموو هێزە سیاسیەکان لە مەیدان دەربکا. ڕێژیمی تازە شەڕێکی خوێناوی و ماڵوێرانکەرانەی لە پێشدا بەسەر کوردستان دا سەپاندو لەسەرەتادا چەپەکانی بە ناوی دژایەتی لەگەڵ « ئیمپریالیزم « لەگەڵ خۆی هاوئاهەنگ کرد و هەرکە لە سەقامگیربوونی خۆی دڵنیا بوو ڕەحمی بەوانیش نەکرد. ئەو هێزانەی کە بیروباوەڕێکی جیاواز لە دەسەلاتدارانی تازەیان هەبووبە دڕندانەترین شێوە سەرکوت کران و لە ئێران بە گشتی بەرەبەرە ئاسەوارێک لە ئازادییە سیاسییەکان نەما، موخالیفان لەگەل ئەو پەڕی توند و تیژیی بەرەرو بوون . ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بە درێژەدانی ٨ ساڵ شەڕ لەگە ڵ عێراق هەم سەدان هەزارکەسی بە کوشتن دا و وێرانییەکی زۆری بەبار هێنا و هەم ئەو شەڕەی کردە بیانوویەک بۆ سەرکوتی زیاتری دەنگە جیاوازەکان و پشتگوێ خستنی هەر چەشنە داخوازێکی خەڵک. ئێستا دوای ٣٢ ساڵ لە شۆڕشی گەلانی ئێران دیکتاتۆری و سەرکوت گەیشتۆتە جێگەیەک کە کەمایەتییەکی دەسەلاتدار ڕوحم بە ڕۆڵەکانی خودی شۆرشیش ناکا و تەنانەت ئەوکەسانەش کە لە هێنانە سەرکاری ئەم ڕێژیمەش دا بەشدار بوون بەڵام خاوەنی بیر و بۆچوونی جیاوازن کەوتوونەتە بەر تیغی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا.

لە هێندێک وڵاتی دیکەی عەرەبی دا بەدی دەکرێ. ئاکامی ئەو ئاڵۆگورانە هەرچییەک بێ لە ڕەدی دیکتاتۆری و لە ئیعتراز بە ناعەداڵەتیی کۆمەڵایەتی



**ئەمڕۆ لە ئێراندا جگە لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێکخراو و ئاشکرا، بزووتنەوەیەکی بەرینی مەدەنی و کۆمەڵایەتی لە گۆڕێ دایەکە ئەگەر هەماهەنگی و ڕێبەریی لەگەڵ دا بێ ئیمکانی سەرکەوتنی زیاتر و خێراتر دەبێ. کاتی ئەوە هاتوە ئەکتەرەکانی مەیدانی سیاسیی ئێران لە نێو ئۆپۆزیسیۆن دا لە جیاتی پێداگری لەسەر لایەنە جیاوازەکان، پێ لەسەر لایەنە هاوبەشەکان دا بگرن**

**هاونیشتمانانی بەڕێز !**
**خەڵکی ئازادیخوازی ئێران!**

لە کاتێکدا یادی شۆڕشی گەلانی ئێران دەکەینەوە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی لە ئالوگۆڕێکی قووڵی سیاسی دان. لە وڵاتی توونس ڕاپەرینی خەلک سەرکەوتووە و میسر خەریکە ئالوگوریکی لەم چەشنە تەجروبە دەکا. نیشانەکانی جموجۆل و ئاڵ وگۆڕ و نەبوونی ئازادیی سیاسی دایە. ئەم ئاڵوگۆڕانە کە دوور نیە ئیلهامیان لە حەرەکەتەکانی خەڵکی ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا وەرگرتبێ، بێگومان کاریگەریان لەسەر ڕووداوەکانی داهاتووی ئێران دەبێ. .

ئەمڕۆ لە ئێراندا جگە لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێکخراو و ئاشکرا، بزووتنەوەیەکی بەرینی مەدەنی و کۆمەڵایەتی لە گۆڕێ دایەکە ئەگەر هەماهەنگی و ڕێبەریی لەگەڵ دا بێ ئیمکانی سەرکەوتنی زیاتر و خێراتر دەبێ. کاتی ئەوە هاتوە ئەکتەرەکانی مەیدانی سیاسیی ئێران لە نێو ئۆپۆزیسیۆن دا لە جیاتی پێداگری لەسەر لایەنە جیاوازەکان، پێ لەسەر لایەنە هاوبەشەکان دا بگرن. ئاکامی ئەم مێتۆدە نوێیە دەبێتە دوو شت: هەم ئۆپۆزیسیۆن لە بەرامبەر دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی دا بەهێز دەکا وهەم لە داهاتووش دا ئەزموونی تاڵی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ دووپاتە نابێتەوە.

**خەڵکی خەباتگێڕ و ئازادیخوازی کوردستان!**

ئێوەهەرلەسەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە بە ناسنامە و ویست داخوازی نەتەوەییەوە هاتنە مەیدان ولەو پێناوەدا قوربانییەکی زۆرتان داوە و لەخۆراگری و بەرپەرچدانەوەی سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی دا فیداکارییەکی زۆرتان لە خۆتان نیشان داوە. سەرەڕای ئەوەی کۆماری ئیسلامی بەر لە هەموو جێیەک قوڵی لە کورد و هێزە سیاسییەکانی هەڵماڵی و شەڕێکی ناڕەوای بەسەر کورد دا سەپاند بەڵام کوردستان هەروەک سەنگەری دیفاع لە ئازادی ماوەتەوە. ئەمە وای کرد کە کۆماری ئیسلامی بە ئاسانی نەتوانێ بەسەر کوردستان دا زال بێ، هەر ئەم تایبەتمەندییەی بۆتە هۆی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی لە کوردستان هەروا بە نامۆ و بێگانە سەیری بکرێ و لەوە دا کە مەشرووعیەتێک لە کوردستان دا بۆخۆی پەیدا بکا سەرکەوتوو نەبووە. ئەگەر تا دوێنێ ڕۆڵەکانتان بە خەباتی سیاسی و چەکداری لەبەرامبەر هێرشی لەشکریانی کۆماری ئیسلامی دا فیداکاریان دەکرد، ئەمڕۆ بە وشیاری و ئاگایی خۆتانەوە بە خەباتی مەدەنی گیانی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی خۆتان پاراستوە کە لە داهاتوو دا گەورەترین سەرمایەیە بۆ کورد.

ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان دا بە پێچەوانەی سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران چەند هێزی ئەساسی لە مەیدان دان. لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ئەم دیاردەیە نەک هەر دیاردەیەکی خراپ نیە، بەڵکوو لە ئاکامی گەشەکردن و وشیاریی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتوە و جۆراوجۆریی فکریی خەڵکی کوردستان دەگەیەنێ. ئەمە لە داهاتوو دا ئیمکانێکی بەرین بۆ دێموکراسی و پلۆرالیزمی سیاسی پێک دێنێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە قووڵی باوەڕی پێیەتی. خاڵی لاوازی ئەم جۆراوجۆرییە، ئەوکاتە دەبێ کە ئەو چەند هێزە سیاسییە لە کێشە و ململانێی ناسالم دابن و لە جیاتی هاوکاری و هەماهەنگی کۆسپ و تەگەرە بخەنە سەر ڕێگەی یەکتر. حیزبی دێموکراتی کوردستان پێ لەسەر هاوکاری و ڕەقابەتێکی سالم و دێموکراتیکی نێوان هێزەکانی ئێران و کوردستان دادەگرێ و بۆ ئەم مەبەستە ئامادەی هەر چەشنە هاوکاری و هەماهەنگییەکە.

لە ٣٢ ساڵەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، ڕێژیمی دوای شۆرش کە دەستی بەسەر دەسکەوتەکانی شۆرشەکە دا گرت، دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی گەیاندۆتە لووتکە، خەڵکی ئێران لە هەلومەرجێکی خراپی سیاسی و ئابووری دا دەژین کە شایانی ژیانێکی لەوە باشترن، تەنیا ڕێگەی گۆڕینی ئەم بارودۆخە هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان هێزە دێموکرات و پیشکەوتنخوازەکانی ئێراندا لە لایەک و پەرەگرتن و قووڵبوونەوەی ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکە کە هەر ئێستا ئیمکانێکی بەهێزی هەیە. بەهیوای ئەو ڕۆژە.

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩**
**( ١١ی فێوریەی ٢٠٠١ )**

---

# ڕاگەیەندراوی خەبەری سەبارەت بە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بۆ باس لەسەر کاریگەریی ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی وڵاتانی عەرەبی

ڕۆژەکانی ٢٠ و ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ (٩ و ١٠ی فێوریەی ٢٠١١)، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ڕەوتی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دوایی‌یانەی وڵاتانی عەرەبی و پێوەندییان بە خەباتی ئازادیخوازی و گۆڕانی سیاسی لە ئێراندا کۆبوونەوەیەکی تایبەتی پێک هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا پاش پێشکەشکرانی هەڵسەنگاندنێکی گشتی لەلایەن هاوڕێ خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبەوە، بەشدارانی کۆبوونەوە بە بۆچوون و تێبینییەکانی خۆیان لێکدانەوەی بارودۆخی نوێی ناوچە و گرینگی و بایەخی ئەو ئاڵوگۆڕانە بۆ داهاتووی پرسی دێموکڕاسی لە ئێران و ماف و ئازادییەکانی گەلەکەمانیان دەوڵەمەند کرد.

لێکدانەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دوایی‌یانەی وڵاتانی عەرەبی ئەوە بوو کە پێویستە ئەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕانە لە ڕەوتی درێژخایەنی خەبات بۆ ئازادی و دێموکڕاسی لە ناوچەدا چاو لێ بکرێن. هەربۆیەشە کۆمەڵێک خاڵی وێکچوون لەنێوان بەشێک لە ڕووداوەکانی ئەم دوایی‌یانە و شۆڕشی ١٣٥٧ ی گەلانی ئێران و هەوڵەکانی دواتری خەڵکی ئێران بۆ گەیشتن بە ئازادی‌دا دەبینرێ. بەڵام هەر لەو کاتەدا جیاوازیی بەشێک لە فاکتەرەکان کە بوونە هۆی ئەوە کە ئەنجامی هەر یەک لە هەوڵی درێژماوەی خەڵکی ئێران و هەستانی لەپڕی جەماوەری عەرەبی جیاواز بن شیاوی لێوردبوونەوە لەلایەن ئازادیخوازانی ئێرانەوەن بۆ ئەوەی لەو شوێنەدا کە ئیمکانی هەیە کار بکرێ بۆ گۆڕینی فاکتەرەکان یان کەڵک وەرگرتن لەو فاکتەرانەی ڕەنگە لەمەودوا لەپێوەندی لەگەڵ ئێرانیشدا نەخشی کارسازیان هەبێ.

ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو باوەڕەدایە کە بزوتنەوەی نوێی خەڵک لە وڵاتانی عەرەبیدا بەپێچەوانەی ئەو ڕاڤەکاری و مۆرک لێدان و هەوڵی قۆستنەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندی‌یەدا دەیکا، ماهییەتێکی ڕەسەن و فرەییخوازی هەیە. بێگومان ئەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕانە کاریگەریی بەرچاویان لەسەر داهاتووی ئاشتی و دێموکراتیزاسیۆن لە ناوچەدا، لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهاندا ڕۆژ بە ڕۆژ لە ژمارەی دیکتاتۆرەکان کەم دەبێتەوە و دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی لە درێژخایەندا داهاتوویەکیان نییە. ئەوەندەی



لەسەر پێوەندی‌یەکانی دەسەڵات و خەڵک و تەنانەت لەسەر پرسی جیایی دین لە حەوزەی حکوومەتی‌دا دەبێ.

بەڵام گرینگترین دەرس و پەیامی ئەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕانە ئەوەیە کە دەگەڕێتەوە سەر ئێرانیش، ئەزموونی هەرە بەنرخی ئەو ڕووداوانە ئەوەیە کە ئەگەر جەماوەر بە هێزی هەراوی خۆی و بەیەکگرتوویی بێتە مەیدان، دەکرێ دیکتاتۆرییەکی هەرچەند قورس و تۆقێنەریش پاشەکشەی پێ بکرێ. بەڵام ئەو هێزە هەراو و یەکگرتوویەش تەنیا کاتێک شکڵ دەگرێ و سەردەکەوێ کە ڕەنگدانەوەی هەموو جیاوازی و فرەچەشنییەکانی کۆمەڵگا بێت و سەرجەم چین و توێژ و پێکهاتەکان بە ویست و داوا ڕەواکانیانەوە لە خۆی‌دا جێ بکاتەوە. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پشتبەستن بەو ڕاستییە کە ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچە هەستی متمانەبەخۆبوونی خەڵکی وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراو و یەک لەوان ئێران زیندوو دەکاتەوە، لەو باوەڕەدایە کە پێویستە هێز و لایەنە ئازادیخوازەکانی ئێران لەو هەلومەرجە بۆ یەکخستنی هەڵوێست و هەنگاوەکانیان و بۆ خۆڕێکخستنی هاوئاهەنگ ئیلهام وەربگرن. لەو نێوەشدا لەبەرئەوەی ڕابردووی خەباتگێڕی و ڕێکخراوتر بوونی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ نەخشی کوردستان لە داهاتووی ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا بەرجەستە بکاتەوە، پێویستە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران بۆ بەجێگەیاندنی بەرپرسایەتیی مێژوویی خۆیان ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان وەلانێن و پێکەوە فکرێک بۆ داهاتووی خەباتی کورد لە ئێراندا بکەنەوە. لەو پێناوەدا ڕێبەرایەتیی حیزب لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو هەنگاوانەی زۆر لەمەوپێش بۆ گوڕ و تین بەخشین بە دینامیزمی نوێی خەبات و هاوئاهەنگ کردنی هێزەکانی مەیدانی ئەو خەباتە (چ حیزبەکان و چ کوڕ و کۆمەڵە جەماوەرییەکان) لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گیراونەتە پێش دروست و بەجێ بوون، بەڵام پێویستە ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی ئەو نیاز و هەوڵانە چالاکتر و فرەڕەهەندتر بکرێن.

هەژێی ئاماژەیە کە دوایین دانیشتنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بۆ تاوتوێ کردنی دوایین کار و هەنگاوەکانی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی پازدەی حیزب کە لە مانگەکانی داهاتوودا دەبەستری تەرخان کرابوو.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢١ی ڕێبەندانی ١٣٨٩**
**(١٠ی فێوریەی ٢٠١١)**

# پەیامی سەرەخۆشیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان
# بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنییەوە

مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی، مامۆستای ئایینیی نیشتمانپەروەرو تێکۆشەری دێرینی سەنگەری خەبات لە پێناوی ڕزگاریی گەلی کورددا، کۆچی دوایی کرد.

ژیانی خەباتگێڕانەی مامۆستا شێخ عێزەدین، هەر لە سەردەمی لاوەتی داو بە تێکۆشان لە ریزەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستاندا، دەستی پێ کرد. مامۆستا هەر لە سەردەمی لاوەتییەوە تا دوا ساتەکانی ژیانی، لە خەبات و تێکۆشان دژی جەهل و خوڕافەو ستەمی نەتەوەیی و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی غافڵ نەبوو.



مامۆستا لەو زانا ئایینییانە بوو کە خاوەنی روانگەو بیرو بۆچوونێکی پێشکەوتووانە بوو. بە پێچەوانەی هێندێک مەلاو پیاوی ئایینیی دیکە، نەک هەر دین و ئایینی نەکردبووە هۆیەک بۆ پشتگوێخستن و دوورکەوتنەوە لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی، بەڵکوو نێوەرۆک و پەیامی ئایین بە گشتی و دینی ئیسلام بە تایبەتیی کردبوو بە رێنوێن و هاندەری خەبات دژی ستەم و چەوسانەوەی جۆراوجۆر.

شێخ عێزەدین لە سەردەمی رێژیمی پاشایەتی دا، شانبەشانی خزمەتی ئایینی و بەڕێوەبردنی ئەرکی مامۆستایەتی، لە ئەرکی نەتەوەیی و پشتگیریی تێکۆشەرانی کوردو داکۆکی لە ویستی رزگاریخوازانەی رۆڵەکانی گەلی کورد غافڵ نەبوو. لە رەوتی ڕاپەڕینی سەراسەریی گەلانی ئێران بە دژی رێژیمی شایەتییش دا بە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەو رۆڵی پێشڕەوانەی خۆی توانی نەخشێکی گرینگی لە خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربڕینی خەڵکی کوردستان بە دژی حکوومەتی پەهلەوی دا هەبێ.

لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و روونبوونەوەی نیازەکانی دەسەڵاتی تازە بەرامبەر بە خەڵکی حەقخوازی کوردستان، مامۆستا، وەک کەسایەتییەکی بە نفووزو بە هەڵوێست، شانبەشانی حیزب و رێکخراوە خەباتگێڕەکانی کوردستان لە ریزی پێشەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان دا بە دژی کۆماری ئیسلامی وەستا، کە دیارە شوێنەواری رۆڵ و هەڵوێستی ئەو بە رووداوە سیاسیەکانی ئەم قۆناغەوە دیارە.

مامۆستا شێخ عێزەدین، ئەگەرچی بە هۆی هەڵکشانی تەمەن، لە نێوەراستەکانی دەیەی هەشتای زایینیەوە ناچاربوو بچێتە سوئێد، بەڵام لە دوورەوڵاتییش، لە پشتگیریی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستان و ئێران غافڵ نەبوو و لە رێگەی پەیام و وتووێژو پێوەندیی جۆراوجۆر، خەڵکی خۆراگری کوردستان و هێزە سیاسییە تێکۆشەرەکانی بۆ یەکیەتی و هاوخەباتی و بەردەوام بوون لە سەر رێگەی خۆیان، رزگاریی گەلی کورد لە بندەستی، هان دەدا.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی، لە بنەماڵەی سەربەرزو کەسوکاری بەڕێزی مامۆستا بە تایبەتی و لە سەرجەم ئۆگرانی ئەو کەسایەتییە خەباتگێڕو ماندوویی نەناسە سەرەخۆشی دەکا.

نەمری بۆ شێخ عێزەدین حوسێنی و هەموو تێکۆشەرانی وەک مامۆستا کە ژیانی خۆیان بۆ خزمەتی نەتەوەکەیان تەرخان دەکەن.

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩**
**١١ی فێوریەی ٢٠١١**

# بەیاننامە: هەڵوێستمان لەبارەی ڕووداوەکانی
# ئەم دوایانەی هەرێمی کوردستانەوە

ڕووداوی جیگای داخی ٢٠١١/٢/١٧ ی شاری سلێمانی و گرژییەکانی سەرچاوەگرتوو لەم ڕووداوە ، بۆ هەموو هێزو لایەن و تاکێکی دڵسوز و نیشتمانپەروەری کورد مایەی پەروشی و نیگەرانین.

گومانی تێدا نییەکە دەسکەوتەکانی کورد لەهەرێمی کوردستان و عێراق هەم ئاکامی رەنج و خەباتی دوور ودرێژی هەموو هێزەوڵاتپارێزەکانی ئەم بەشەی کوردستان و هەم جێگەی هومێدی نەتەوەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستانن. هەر بۆیە سروشتییە کە هەر چەشنە قەیرانێک و حاڵەتێک کەئەم دەسکەوتانە بخاتەمەترسییەوە، دەبێتەمایەی نیگەرانیی هەموو لایەنێکی دڵسۆز.

لە روانگەی دڵسۆزیمان بۆ بەرژەوەندە نەتەوەییەکان و نیگەرانیمان لە ئەنجامی ئەم جۆرە ڕووداوانـــە، سەرنجی لایەنە پێوەندیدارەکان بەتایبەتی سەرۆکایەتیی هەریم، حکوومەت وپارڵمانی کوردستان و هە موو حیزب و لایەنە دەسەڵاتبەدەستەکان و ئۆپۆزیسیۆن بۆلای ئەستەمبوون و هەستیار بوونی بارودۆخەکەو پێویستیی چارەسەرکردنی بەپەلەی گیروگرفتەکە رادەکێشین. وەبیر دێنینەوە کە دوژمنانی جۆراوجۆری دەسکەوتە نەتەوەییەکانی کورد لەهەرێمی کوردستان، لەهەر دەرفەتێک بۆ زەبر لێدان و لەبار بردنی دەسکەوتەکان لەبۆسەدان و ئەوەش لەحاڵێکدایە کە سەرۆکایەتی و حکوومەت و پارڵمانی هەرێم بەرهەمی هەڵبژاردنی ئازاد و ئیرادەی خەڵکن و پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و دەوڵەمەندتر کردن و قووڵتر کردنەوەی نێوەرۆکی نیشتمانی ودێموکراتیکی ئەم ئەزموونە، ئەرکی هەموو لایەکە. هەر بۆیەپێویستە بەپەلە هەم پێش بە تەشەنەکردنی ئاڵۆزییەکان بگیرێ و هەم بەرێگای دیالۆگ و شارستانییانە، هەوڵی چارەسەرکردنی گرفت وکەم وکورییەکان بدرێ.

ئێمە لە کاتێکدا هێنانەگۆڕی کەم و کورییەکان و دەربڕینی رەخنەو نارەزایەتییەکان بەشێوەیەکی مەدەنی و هێمنانە بەمافی رەوای خەڵک دەزانین، هێرش بۆ سەر بنکەو بارەگا حکوومی و حیزبییەکان و زیان پێگەیاندنیان لەلایەن هەر لایەنێکەوەبێ، بەناتەبا لەگەڵ بەرژەوەندە نەتەوەییەکان، دیموکراسی و مافی مرۆڤ و رێوشوێنەکانی خەباتی مەدەنی دەزانین. هەر لەوکاتەش دا پێمان وایە هەوڵدان بۆ چارەسەری کەم وکوڕییەکان و گوێگرتن لەرەخنەو نارەزایەتییەکان دەبێ پترو بەرچاوتر بێ، بۆ ئەوەی شانبەشانی پێشگیری لە دووپاتبوونەوەی ئەم جۆرەڕووداوە دڵتەزێنانە، پێشی درز تێکەوتنی زیاتری بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد لەم بەشەی کوردستان بگیرێ و هەرێمی کوردستان لەسێبەری هێمنی و تەبایی و یەکیەتی دا، بەرەو پێش بچێ.

بەم هیوایە،

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٩ ڕێبەندانی١٣٨٩**
**٢٠١١/٢/١٨**

# بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە سمینارێک سەبارەت بە
# کەمینەئایینییەکانی کوردستان و ئایینە کەوناراکانی کورد



ڕۆژی شەممە ٢٣ی ڕێبەندان هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک ئێقباڵ سەفەری، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب بەشدارییان لە سمینارێکدا کرد کە لە شاری « ئیسکیلستونا» بۆ باس لە سەر ئایینە کەوناراکانی کوردستان رێک خرابوو.

سمینارەکە بە چەند وتەیەکی کورتی پرۆفیسۆر جەلیلێ جەلیل و عەزیز ئالیش، بەرپرسی رێکخراوی ئینسیاتیڤی کورد لە سوئێد کرایەوە.

پاشان وتاردەران مەنزوور جەم، لەسەر عەلەوییەکان، فەهمی کاکەیی لەسەر یارسانەکان، ئەنداز حەوێزی لەسەر زەردەشتییەکان و چەنگیزخان حەسۆ، لەسەر ئێزیدییەکانی کوردستان باسەکانیان پێشکەش کرد.

باسەکان بەگشتی باسی مێژووی سەرهەڵدان و درووستبوونی ئەم ئایین و رێبازە مەزهەبییانە بوون کە پێش و پاش هاتنی ئیسلام بۆ نێو کوردان بوونیان هەبووە و هەیە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارەدا<<جیمی یانسۆن»، شارەداری ئیسکیلستونا وتارێکی پیشکەش کرد.

شایانی باسە کە هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ بەشداری لەو سمینارە لە هاوڕێیان ئێقبال سەفەری، محەممەد ئیسماعیلی، کەماڵ گرویسی، حەسەن ئەهوەن، عەزیز ئەفسەردلێر و رەئوف خاکی پێک هاتبوو.

# باشووری سودان بە ڕەسمی سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند

دوای بەرێوەچوونی ریفراندۆمەکەی سەرەتای ساڵی تازەی زایینی لە ناشووری سوودان، ئەو بەشە لە سودان بە ڕەسمی سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند

پاش پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوە لە هەموو گلەیی و گازندەکانی دوای بەرێوەچوونی پرۆسەی ریفراندۆم لەو وڵاتە، سەرئەنجام حکومەتی باشووری سودان بە ڕەسمی سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و عومەر ئەحمەد حەسەن ئەلبەشیر، سەرکۆماری سودانیش ئەنجامی ئەو ڕاپرسییەی قبووڵ کرد.

هاوکات دوای روونبوونەوەی ئاکامی راپرسیەکە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپاش بە گەرمی پێشوازییان لەو هەنگاوەی حکوومەتی ناوەندیی سودان کرد.

لە ڕۆژی سێشەممە ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ی هەتاوییەوە وڵاتێکی نوێ هاتە سەر نەخشەی سیاسیی جیهان هاتە ڕیزی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

بە گوێرەی دوایین ئامارەکان زیاتر لە سەدا ٨٩ ی بەشدارانی ئەو ڕاپرسییە کە مانگی ڕابردوو لە بەشی باشووری سودان ئەنجام درا، دەنگیان بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەیان داوە کە ڕۆژی دووشەمە ئەنجامەکەی ئاشکرا کرا.

دەفتەری سەرکۆماری سوودان لە بەیاننامەیەک دا ڕایگەیاند کە ئەنجامی ئەو ڕاپرسییە پەسند دەکا و ڕێز لە ویستی ئەو گەلە بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی دەگرێ. هەروەها عومەر بەشیر، سەرکۆماریش لە لێدوانێک دا گوتی کە سەرەرای بڕیاری سەربەخۆیی ئەو بەشە گرینگە لە وڵاتەکەمان، بەڵام ئێمە دان بە ئەنجامەکانی دا دەنێین و هاوکات پەیوەندییەکی دۆستانەمان لەگەڵ ئەو وڵاتە نوێیە دا دەبێت.

بەشیر لە درێژە دا گوتی کە بەدوا داچوون بۆ




ئەنجام و بڕیارەکانی ئەو ڕاپرسییە دەکرێ و لە ماوەی ٥ مانگی داهاتوو دا بە فەرمی جیابوونەوەی باشوور ڕادەگەیەندرێ.

هاوکات سالڤا کییر، سەرۆکی باشووری سودان لە دانیشتنێک دا لەگەڵ بەشیر، خۆشحاڵیی خۆی لەو هەڵوێستەی ناوبراو دەربڕی و ڕایگەیاند کە هاوکاریی دۆستانەیان لەگەڵ حکوومەتی باکوور بە سەرۆکایەتی بەشیر دەبێت.

لە لایەکی دیکەوە هیلاری کلینتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکاو کاترین ئێشتۆن بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا و بانکی مۆن سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پشتگیریی خۆیان بۆ ئەنجامی ڕاپرسییەکە دەربڕی و خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەو هەڵوێستەی حکوومەتی ناوەندیی سودانیش دووپات کردەوە.

# کاندیداتۆریی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل

مستەفا مەعرووفی

دوای مانگ و نیوێک هەوڵ و تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوو کەسایەتییە مەدەنی و سیاسییەکان لە کەمپەینێکدا بۆ کاندیداکردنی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند چالاکی مەدەنیی کورد کە لە زیندانی کۆماری ئیسلامی دایە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل سەرەنجام ناوبراو وەک یەکێک لە کاندیداکان دیاری کرا.

محەممەد سەدیقی کەبوودوەند دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی « پیام مردم» لە ١٠ی پووشپەڕی ١٣٨٦ لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە گیراو ١١ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپا. ناوبراوکە چالاکێکی بواری مافەکانی مرۆڤە لەو کاتەوە لەژێر ئەشکەنجەی جیسمی و رووحی دایەو لە مافە سەرەتاییەکانی ئینسانێکی ئازادو تەنانەت زیندانییەک بێبەشە.

هەرچەند محەممەد سەدیقی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل هەنگاوێکی دیکەی لە پێشە، بەڵام تا ئێرە سەرکەوتنێکی گەورەیە هەم بۆخۆی، هەم بۆ تێکۆشەرانی بواری مەدەنی و هەم بۆ نەتەوە بێ مافەکەی و بە تایبەتییش بۆ ئەوانەی شەوورۆژیان خستەسەریەک تاکوو کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە کاندیدا بکرێ. ئەو تێکۆشەرە مەدەنییەی کورد بە کاندیدا بوونی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل چۆتە ریزی دەیان کەس لە گەورە پیاوان و گەورە ژنانی جیهان کە تا ئێستا کاندیدای ئەم خەڵاتە بوون، لە ئێراندا دوای خاتوو شیرینی عیبادی سێیەم کەسە کاندیدا دەکرێ لە کوردستاندا دوای د. قاسملووی نەمر دووەم کەس.

گرنگیی کاندیدابوونی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل هەر ئەوەندە نیە، مەسەلەکە زۆر پەیامی گرنگی دیکەی لەگەڵە:

تا قۆناغی کەبوودوەند زۆرن ئەوانەی لە بێدەنگییەکی خنکێنەرو لە سانسۆرێکی ئەنگوستەچاودا بەدەست جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵواسران یان بە ناهەق باشترین قۆناغی تەمەنیان لە زیندانەکاندا بە فیرۆ چوو. نیشانەکانی کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغە خەریکە دەردەکەون. دژکردەوەی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ئیعدامی فەرزادی کەمانگەرو هاوڕێ شەهیدەکانی، لەبەرامبەر ئیعدامی ئیحسانی فەتاحیاندا، هەروەها کەمپەینی پێشگیری لە ئیعدامی حەبیبوڵلا لەتیفی و هێندێک ڕووداوی دیکەی لەم چەشنەن کە نیشان دەدەن کۆمەڵگەی مەدەنیی کورد لە جموجۆڵ دایە، ئەم جموجۆڵە لە هێندێک بوار دا پاشەکشەی بە کۆماری ئیسلامی کردوە.

لەوەش گرنگتر لەم جۆرە بوارانەدا هاودەنگی و هاودڵییەک دەبینرێ کە شیاوی ئافەرین و جێی ڕێزلێنانە. ئەو هاودەنگی و هاودڵییە ئەو پەیامە دەبیسن و لەگەڵ ڕەوتی




هێندێک سەرکەوتنی بەدواوە بووەو بێ ئاکام نەبووە. ئەگەر لە داهاتوو دا درێژەی هەبێ گومانی تێدا نیە سەرکەوتنی زیاتر وەدەست دێنێ. ئەم بزووتنەوەیە کە بەرهەمی چوونەسەری ئاگایی و وشیاریی جەماوەری لە لایەک و گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی لەلایەکی دیکەوەیە لە داهاتوودا هەم دەبێتە پاڵپشتی دێموکراسی و هەم چاوەدێرو ڕەخنەگر بەسەر دەسەڵاتی سیاسی و کردەوەی حیزب و هێزە سیاسییەکان. ئۆپۆزیسیۆنی کورد پێویستە لێی تێ بگاو تەنانەت ئیلهامی لێ وەربگرێ. ئەم بزووتنەوەیە لە عەینی «تنوع»ی دا یەکیەتیخوازەو بناغەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە داهاتووی کوردستان دایە. ئەو هێزو ڕێکخراوانە سەرکەوتوون کە پێشکەوتنی کۆمەڵەکەیان دەچنە پێش.

کاندیدابوونی کەبوودوەند کە لە ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوو کەسایەتییە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد لە کوردستان و سەرانسەری جیهان دا بوو، لە لایەک یارمەتی بە راکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتیی جیهان بە بارودۆخی خراپی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەداو لەلایەکی دیکەش ڕوخساری دزێوی کۆماری ئیسلامی لەبەرچاوی خەڵکی جیهان باشتر وێنا دەکا. لە خۆڕا نەبوو کە ئاکسێل هاگن ئەندامی پارلمانی نۆروێژ لە حیزبی سوسیالیستی چەپ کە هەوڵێکی کاریگەریان بۆ کاندیداتۆریی کەبوودوەند دا دەڵێ:» لە ڕێگای کاندید کردنی محەممەد سەدیق کەبوودوەندەوە دەمهەوێ سەرنجی تایبەت ڕابکێشرێ بۆ مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ، وەزعی ڕۆژنامەگەریی ئازاد و سەربەخۆ، هەروەها مافە نەتەوەییەکانی کورد.

هەرجۆرە پشتیوانییەک لە کەبوودوەند، پشتیوانییە لە هەموو ئەو بەندییە سیاسی و مەدەنییانەی کە لە پێناو مافی مرۆڤدا تیدەکۆشن. هەروەها پشتیوانییە بۆ دێموکراسی لە کوردستانی ئێراندا».

ئەوەی کە لەم پێوەندییەدا بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کورد دەبێ جێی سەرنج بێ ئەوەیە کە بزووتنەوەیەکی مەدەنی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆڕێ دایە سەرکوتی کۆماری ئیسلامی نەک هەر نەی توانیوە لاوازی بکا بەڵکوو لە دژکردەوە بە سیاسەتە دژی ئینسانییەکانی ئەم ڕێژیمە دا بەهێزتر بووە. هەم ئێستا لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی دا دەورو کاریگەریی خۆی هەیەو هەم لە دوارۆژدا وشیارو زیندوویە. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم مەسەلەیە بە باشی دەرک دەکا. هەربۆیەش بە چاوی هیواوە دەڕوانێتە کەسایەتی و ڕەوت و ڕێکخراوە مەدەنییەکان. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕەوتی خەباتی خۆیدا لە پێناو نەهێشتنی دیکتاتۆری و ڕزگاریی نەتەوەی کوردا هەموو ڕێگەیەکی مەشرووعی خەبات بە ڕەوا و پێویست دەزانێ، بە تایبەتی تێکۆشانی مەدەنی لە ڕوانگەی ئەم حیزبەوە جێگەیەکی تایبەتیی هەیە.

لەگەڵ ئەوەدا کەبوودوەند سەر بە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی

> **زۆرن ئەوانەی لە بێدەنگییەکی خنکێنەرو لە سانسۆرێکی ئەنگوستەچاودا بەدەست جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵواسران یان بە ناهەق باشترین قۆناغی تەمەنیان لە زیندانەکاندا بە فیرۆ چوو. نیشانەکانی کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغە خەریکە دەردەکەون**

سیاسیی کوردەوە نەبوو بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان، سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە بەڕێز کاک خالیدی عەزیزی و هەموو کۆمیتەکانی ئەم حیزبە لە دەرەوەی وڵات هەوڵ و تواناکانیان لە کەمپەینی هەوڵدان بۆ کاندیداکردنی کەبووەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بەکارهێنا. سەرەنجام هاودەنگی و وەسەریەکخستنی ئەو هەوڵانە، ئەم ئاکامەی لێ کەوتەوە.

# کوردستان و ٣٢ ساڵ بەربەرەکانی دژی کۆماری ئیسلامی

عەلی بداغی

٣٢ ساڵ بە سەر سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٢٢ ی ڕێبەندانی ساڵی ٥٧ دا ڕابرد. شۆڕشێک کە سەرەڕای ئەوەی خەڵکی ئێران خوێن و تێچووی زۆری بۆ دا، بەڵام دوای بە تاڵانبرانی ئەو شۆڕشە گەلییە، دەسەڵاتێکی ئیسلامی هاتە سەر کار کە نەک هەر پشتی لە هەموو ئامانجەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵک کرد، بەڵکوو بە نێوچاوانیشییەوە دیار بوو کە چ داهاتوویەکی ڕەش و ئەهریمەنی بۆ خەڵکی ئێران بە دیاری دێنێ. ئەمڕۆ دوای بەسەرداهاتنی ٣٢ ساڵ لە ساڵڕۆژی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە، ئیدی ئەوە بۆ هەموو کەسێک و چاوەدێرێک ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو شۆڕشە نەک هیچ گۆڕانێکی بە قازانجی دێموکراسی و ئازادی و وەدیهاتنی مافەکانی تاک و گەلانی لە ئێراندا لێ نەکەوتۆتەوە، بەڵکوو بە پێی هەموو بەڵگە و بینین و سەرنجەکان بارودۆخی سیاسی، ئابووری و مافی مرۆڤ و پرسی ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکانی خەڵک بۆ زۆر خراپتر لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی پاشایەتیی پەهلەوییەکان گەڕاوەتەوە.

ئەزموونی ٣٢ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی کە چەندە دەرکەوتەکانی ئەو شۆڕشە لە ئامانجە سەرەتاییەکانی شۆڕش دوورن، دیارە ئەگەر لە لایەک ئاکامی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی زۆر دەرەنجامی هاوبەشی لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت سەرکوت و زەبروزەنگ دژی گەلان و جۆراوجۆرییەکانی ئێراندا لێ کەوتەوە، بەڵام ئەو دەرەنجامانە لە کوردستان بە جۆرێکی دیکە ڕەنگیان داوەتەوە.

ڕووداوەکانی شۆڕشی ساڵی ٥٧ ی خەڵکی ئێران ئەگەر لە لایەک لاپەڕەیەکی دیکەی لە ژیانی سیاسیی خەڵکی کوردستان هەڵ دایەوە، لە هەمان حاڵیش دا یەکەم وێستگەی پێکدادانی بیری سەروەریی سیاسیی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ واقعییەتی ئیرادەی نەتەوەیی میللەتی کورد بۆ بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی سیاسیی خۆی بوو.

ئیرادەیەکی سیاسی کە کورد لانیکەم ١٠٠ ساڵ بوو خەباتی بۆ دەکرد و لە سەروبەندی ڕاپەڕینی ٥٧ یشدا گوڕوتینێکی دیکەی بە خۆیەوە بینیبوو. ئەو خەباتە لەو کاتە ناسکانەی قۆناغی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی خەڵک زۆر خێرا لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا پەل و پۆی هاویشتبوو و خەڵکی کوردستان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە مێژووییەکانیان لێبڕاوانە هاتبوونە مەیدان.

بەڵام تاڵانکەرانی شۆڕشی گەلانی ئێران کە دەستیان بە سەر دەسکەوتەکانی شۆڕشدا داگرتبوو، پێچەوانەی ئامانجەکانی شۆڕش نەک هەر ملیان بۆ ویستە دێموکڕاتیک و داوا ڕەواکانی گەلی کورد نەوی نەکرد، بەڵکوو بۆ سەرکوتی ئەو ویستانە هەروەک پێشینیانی خۆیان زەبروزەنگ و هێزی چەک و پەلاماری نیزامییان بۆ سەر کوردستان هەڵ بژارد. چونکی دەیانزانی خەباتی شوناسخوازانەی کورد وەک مۆتەکەیەک بەردەوام بە سەر چارەنووس و داهاتووی دەسەڵاتەکەیانەوە دەبێ و ئەو دێموکراسییە و بەشدارییە سیاسییەی لە کوردستان خەریک بوو وەک ئەزموونێک تاقی دەکرایەوە و ڕەگی دادەکوتا، کۆشکی خەونەکانی ئەوانی لە تارانی بە سەریاندا خاپوور دەکرد.

خومەینی تەنیا ٥ مانگ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران فتوای جیهاد دژی خەڵکی کوردستانی دەرکرد و ئەوە بووە سەرەتای شەڕ پێ فرۆشتنێک کە تا ئێستاش دژی خەڵکی کوردستان و ویست و داواکانیان لە قۆناغی لێک جیاواز و بە بەرنامەی جیاواز و چەکی جیاوازەوە درێژەی پێ داوە.

ئەو کات لە ئاکامی فتوای جیهادی خومەینی و پەلاماری ئەرتەش و سپای پاسداران بۆ سەر کوردستاندا دەیان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان کوژران و بریندار بوون و ڕێژیم بە میلتاریزە کردنی کوردستان ئەو بەشە لە نیشتمانی ئێرانی لە دواکەتوویی ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتی دا ڕاگرت و ئێستاش بە سەرنجدان بە بارودۆخی کوردستان بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٢ ساڵی ڕابردوودا بە بەردەوامی لە کوردستان ڕەمێنی بووە.

> **ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای یەکەم ساڵەکانی بە دەستەوەگرتنی جڵەوی دەسەڵاتی ئێران، بە مەبەستی سەرکوتی بزوتنەوەی گەلی کورد و چاوترسێن کردنی ناوچەکانی دیکەی ئێران خەڵکی چەندین شوێن و گوندی کوردستانی کۆمەڵکوژ کرد. قارنێ، قەڵاتان، سۆفیان، قەرەگۆل، سەوزی و ... تەنیا بەشێک لەو جینایەت و ڕەشەکوژییانەن**

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای یەکەم ساڵەکانی بە دەستەوەگرتنی جڵەوی دەسەڵاتی ئێران، بە مەبەستی سەرکوتی بزوتنەوەی گەلی کورد و چاوترسێن کردنی ناوچەکانی دیکەی ئێران خەڵکی چەندین شوێن و گوندی کوردستانی کۆمەڵکوژ کرد. قارنێ، قەڵاتان، سۆفیان، قەرەگۆل، سەوزی و ... تەنیا بەشێک لەو جینایەت و ڕەشەکوژییانەن کە بەدواداچوونی هەر کام لەو پەروەندانە لە دادگایەکی نێونەتەوییدا بێ گومان ئەو بڕیارەی لێ دەکەوێتەوە کە گەلی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ژێنۆساید کراوە.

ئەو ژێنۆسایدە ئێستاش لە ڕێگەی پەرەپێدان بە گیرۆدە کردنی ڕۆڵەکانی کورد بە مادە هۆشبەرەکان، یەکێک لە بەرنامە ستراتیژیکییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانە کە لە لایەن ناوەندە ئەمنییەتی و چەکدارەکانی خۆیەوە بەڕێوەی دەبا.

ئاخوند خەڵخاڵی ئەگەر لە دەیەی ٦٠ ی هەتاویدا بە بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ جۆرە مافێکی تۆمەتباران بە

ل ٩

# شۆڕش یا ریفۆرمخوازیی شۆڕشگێڕانە؟!

حەسەن شێخانی

**ئاماژە:**
**ئیدعای ئەوە ناکەم کە ئەم وتارە «نووسین»ە. وتاری خەڵکی دیکەم خوێندۆتەوە و ئیلهام (ئیدە)م لێوەرگرتوون. زۆر وتارم لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی میسرو توونیس خوێندۆتەوە و ئەمەش وایکردووە باشتر ئەم ئاڵوگۆڕانە دەرک بکەم و لێیان تێبگەم. لەوانەیە هێندێک ئیدە و «تراوشات»ی فیکریی نووسەرانی دیکە لەم وتارەدا دووبارە بووبنەوە. بۆیە بە خوێنەرانی دەسپێرم کە ناوی «نووسین» لەسەر ئەم وتارە دادەنێن یان «ئامادەکردن»؟!**

تا بەر لە شۆڕشەکانی میسرو توونیس، شۆڕش لەگەڵ وێرانگەری و توندوتیژی هاوتا دەکرا. لە شۆڕشە کلاسیکەکاندا، هەموو دام و دەزگاکانی سیستمی پێشوو لە بنەڕەتەوە هەڵدەتەکێنران و دام و دەزگای نوێ لە جێگەیان بنیات دەنران. بەڵام لەگەڵ شۆڕشەکانی توونیس و میسر دەستەواژەی نوێی «ئیسلاح خوازیی شۆڕشگێڕانە» هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی جیهانەوە. لەم شۆڕشانەدا ئاڵوگۆڕەکان ئەوەندە خێراو رادیکاڵن کە لە چوارچێوەی تێرمی ریفۆرم دا جێیان نابێتەوە، لە لایەکی دیکە بەشێک لە پێکهاتە و دامەزراوەکانی پێشوو لە قۆناغی ئینتقالی دا دەمێننەوە و دواتریش بە تەواوی هەڵناوەشێندرێنەوە بەڵکوو بە شێوەیەکی هارمونیک لەگەڵ سیستمی تازەدا، گۆڕانێک بەسەر فۆنکسیۆنەکەیان دادێ و لە چوارچێوەی یاسای تازەدا یاسامەند دەکرێن؛ بەم پێیە لە خانەی شۆڕشەکانی تەواو عەیاری کلاسیکیش دا جێ ناگرن. بە دەربڕینێکی دیکە شۆڕشەکانی ئەم دواییانە، بیناکردنی سیستمێکی بە تەواوی جیاو دابڕاو لە سیستمی پێشوویان لێ ناکەوێتەوە بەڵکوو ئەم شۆڕشانە بە گۆڕان یان دەستکاری کردنێکی بنەڕەتی سیستمی پێشوودا تێپەڕ دەبن.

لەم وتارەدا ئەم مەسەلەیەش روون دەکەینەوە کە چۆن ئەم شۆڕشانە لە حاڵەتی ئامادەبوونی کۆمەڵێک فاکتەردا، زیاتر بە قازانجی پرۆسەی دیموکراسی دەشکێنەوە و ئەگەری هاتنە سەرکاری سیستمگەلی دێموکراتیک لەدوای ئەم شۆڕشانە بە بەراورد لەگەڵ شۆڕشە کلاسیکەکان زیاترە.

شۆڕشی گەلانی ئێران دوایین شۆڕشی کلاسیک بوو کە لە دەیەکانی ئاخری سەدەی بیستەم دا رووی دا. ئاکامی ئەم شۆڕشە هاتنەسەر کاری حکوومەتێکی دێموکراتیک نەبوو. لە ئەنجامی لاوازی و پرش وبڵاوی لایەنەکانی دیکەدا رەوتێکی ئیسلامی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت کە لە روانگەی دژبەرانی سیستمی هەنووکەیی ئێرانەوە، شۆڕشی گەلانی ئێرانی لەبار برد و، سیستمێکی دیکتاتۆرتری لە رێژیمی شایان دامەزراند کە هەموو گەلانی ئازارچێشتووی ئێرانیان هیوابڕاو کرد. ئاکامەکانی شۆڕشی ٥٧، کۆمەڵگەی ئێرانی بەرەو چەشنێک کۆنسێرڤاتیزم پاڵ پێوەنا کە هێندێک جار بۆتە پاساودەری سیستمی ئارایی. زۆرجار لە خەڵکی ئێرانمان بیستووە کە دەڵێن ئێمە شۆڕشمان کرد بەڵام سیستمێکی خراپتر لە رێژیمی پێشوو هاتە سەرکار. بۆیە ئەوپەڕەکەی، هەوڵەکان بۆ چاکسازی لە سیستمی ئارایی دا چڕ کرانەوە. خەڵکی ئێران لە «شۆڕش»یان وەک دیاردەیەک دەڕوانی کە داهاتوویەکی نادیاریان بۆ بەدیاری دێنێ و روون نییە ئەو حکوومەتەی لەدوای شۆڕش دێتە سەرکار، لە دەسەڵاتی هەنووکەیی باشتر بێ.

شۆڕشی ٥٧ دیاردەی «ترسان لە شۆڕش»ی هێنایە ئارا و خەڵکی ئێرانی بە نیسبەت «شۆڕش» دردۆنگ کرد، چونکە هەروەک وترا دیاری و دەرەنجامی شۆڕشی ٥٧ بۆ خەڵکی ئێران، سیستمێکی دیکتاتۆرتر لە رێژیمی پێشوو بوو. خەڵکی ئێران ناحەقیان نەبوو کە لە شۆڕش ترساون چونکە ئاکامی زۆربەی شۆڕشەکانی دیکەی بەر لە شۆڕشی ٥٧یش هاتنە سەرکاری حکوومەتگەلێکی نادێموکراتیک و دیکتاتۆربوو. لەوانەیە ئەمە یەکێک لەم هۆیانە بێ کە لە کاتێکدا دوای رووداوەکانی عاشورای ٨٨،رەوتی بزووتنەوەی سەوزخێراییەکی بەرچاو و وردە وردە حاڵەتی پێکهاتەشکێنی بە خۆیەوە دەگرت، رێبەرانی بزووتنەوەی سەوز و زۆر لایەنی دیکەش بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە لە کۆنترۆڵ نەچێتە دەر و بەرەو پێکهاتەشکێنی هەنگاو نەنێ، هەوڵیان دا لە خێراییەکەی کەم بکەنەوە و لە چوارچێوەی پێکهاتەی هەنووکەیی ئێراندا قەتیسی بکەن؛ کە ئەمەش لە دەرەنجامدا کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر هێزی بەسیجی بزووتنەوەی سەوز دانا و بە یەکێک لە فاکتەرەکانی کپ بوونەوەی بزووتنەوەی ناوبراو دەژمێردرێ.

دیارە کە کاریگەریی شۆڕشی ٥٧ و ئاکامەکانی، تەنیا لە ئاستی نێوخۆیی دا قەتیس نابێ بەڵکوو لە ئاستی دەرەوەش داو بەتایبەت لە ئاستی ناوچەکەدا رەنگدانەوەی نێگەتیڤی هەبووە. کارنامەی خراپی کۆماری ئیسلامی لە بیاڤی دەسەڵاتداریتیی داو تەنانەت شکست هێنانی ئۆلگووی کۆماری ئیسلامی لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا، وایکردوە کە نە تەنیا شۆڕشی ٥٧ وەک ئۆلگوو سەیر نەکرێ بەڵکوو بە جۆرێک خەڵکی ناوچەکەشی بەرەو چەشنێک موحافیزەکاری پاڵ پێوەناوەو لەسەر سەرهەڵدانی ئەوان لە هەمبەر رێژیمە دیکتاتۆرەکان کاریگەری نێگەتیڤی داناوە.

بەپێچەوانەی بانگەشەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە شۆڕشەکانی توونیس و میسر بە شۆڕشی ئیسلامیی ناوزەد دەکەن و هاتنەئارای ئەم شۆڕشانە بۆ کاریگەریی دومینۆی شۆڕشی ٥٧ی ئێران دەگەڕێننەوە، هێندێک لە خاوەنڕایان پێیان وایە کە شۆڕشەکانی ئەم دواییانە نەتەنیا لەژێر کاریگەری شۆڕشی ٥٧ دا سەریان هەڵنەداوە، بەڵکوو شۆڕشی ٥٧ بەهۆی ئەو ئاکامانەی لێی کەوتەوە ئەم شۆڕشانەی تا ساڵانێکی درێژ دواخست.

لە بزووتنەوەکانی توونیس و میسردا نەتەنیا خەڵک سواڵی ریفۆرم و چاکسازییان لە دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر نەکرد بەڵکوو لە سەرەتاوە خوازیاری لەسەرکار لاچوونی بەناو سەرکۆمارەکان بوون کە بە بەرزترین ئاستی دەسەڵات لام و ولاتانەدا دەژمێردرێن. ئەمەش ورەو متمانە بەخۆبوون و هێزێکی بەسیجی لەڕادەبەدەریان بەم بزووتنەوانە بەخشی کە لە کۆتاییدا بە ئامانجەکەیان گەیشتن و بەم شێوەیە لە سەردەمێک دا کە بە سەردەمی «پاش شۆڕشە ئیدئۆلۆژییەکان» دەناسرێ چەندین شۆڕشی نوێیان لە مێژوودا تۆمار کرد.

ئەم شۆڕشانە کە بە شۆڕشگەلی خوازیاری دێموکراسی و مافی شارۆمەندی دەناسرێن، کەرامەتیان بۆ خەڵکی ناوچەکە بەگشتی گەڕاندەوەو هەموو ئەو تیۆریانەیان پووچەڵ کردەوە کە ناوچەکەیان خاڵی لە هەرچەشنە دینامیزێکی دێموکراسیخوازی و توانستی پاشەکشە پێکردن بە دیکتاتۆرەکان دەدی و لەسەر بە دیاری هێنانی دێموکراسی لە لایەن فاکتەری دەرەکییەوە پێداگرییان دەکرد.

لە شۆڕشی میسردا دوای ئەوەی حوسنی موبارەک سەرکۆماری ئەم ولاتە لە ئەنجامی فشاری خەڵکی راپەڕیودا دەستی لە کار کێشایەوە، ئەرتەش و لەگەڵ ئەویشدا کابینەی وەزیران لە فۆڕمی دەوڵەتی کاتی دا، تا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ، ولات بەڕێوە دەبەن و هەوڵ دەدەن دۆخی ئاسایی بۆ ولات بگەڕێننەوە و لە هەرچەشنە پشێوییەک پێشگیری بکەن. بەم پێیە لە ولاتی میسر پرۆسەیەکی دێموکراتیزەکردن کە لە پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتی و دەستکاریکردنی دێمۆکراتیکی ئەم قانوونە و زەمینە خۆش کردن بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد خۆی دەبینێتەوە، دەستی پێکردوە.

١)بە پێی هێندێک راپرسی کە کراون و بە سەرنجدان بە کۆمەڵێک دەرکەوت و داتای دیکە «اخوان المسلمین» هەرچەند بە رێکخراوترین گرووپی سیاسیی میسر دەژمێردرێ بەڵام شیمانەی بەهێز ئەوەیە کە نەتوانێ زۆرینەی دەنگەکان لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا بەدەست بێنێ.

٢)لەبەر ئەوەی لە خۆپێشاندانەکانی میسردا پلاکارت و دروشمی ئیسلامی بەرز نەکرانەوە و تەنانەت «اخوان المسلمین»یش رایگەیاندکە ئەم شۆڕشە شۆڕشی ئیسلامی نییە بەڵکوو شۆڕشێکی خەڵکییە.

٣) ئەو داخوازی و دروشمانەی خەڵکی میسر بەرزیان دەکردنەوە بریتی بوون لە مافی شارۆمەندی، دیموکراسی، نەهێشتنی گەندەڵی و رەخساندنی هەلی کار بۆ هەمووان و هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی دیاردەی هەژاری. بەم هۆیانەو هەروەها بۆ ئەوەی شۆڕشی میسر بەرەو رادیکاڵیزمی زیاتر هەنگاو نەنێ و پشێویی زیاتر دروست نەبێ، ولاتانی رۆژئاوایی داوای ئینتیقالی ئاشتییانەی دەسەڵات و ئەنجامدانی قۆناغ بە قۆناغی چاکسازییان لەم ولاتەدا کرد. ولاتانی جێی ئاماژە ترسی ئەوەیان رێنیشتبوو کە ئەگەر حوسنی موبارەک لەسەر مانەوە لە دەسەڵات دا پێداگری بکاو بەپێی ئەمەش شۆڕشی میسر بەرەو رادیکالیزمی زیاتر هەنگاو بنێ، ئەگەری ئەوە هەیە رەوتی ئیسلامگەرا دۆخەکە بقۆزێتەوە و زیاتر پەل و پۆ باوێژێ و ئەمەش لە کۆتایی دا بە زیانی بەرژەوەندییەکانیان دەشکێتەوە.

لێرەدا پێویستە بگوترێ دۆخی ولاتی توونیسیش کەم و زۆر وەک ئەو دۆخەی میسرە کە باسی لێوەکرا.

هەرچەند تا هەنووکەش ولاتانی رۆژئاوایی دۆست و هاوپەیمان و پشتیوانی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستن و لەبەر ئەمەش بەحەق، خەڵکی ناوچەکە بەنیسبەت دروشمەکانی ئەم ولاتانە لەمەڕ پشتیوانی لە مافی مرۆڤ و پەرەپێدانی دێموکراسی دوودڵ و دڕدۆنگن. بەڵام ئەگەر ولاتانی رۆژئاوایی لە رەوتی شۆڕشەکانی ئەم دواییانەدا ببنە پاڵپشت و گرەنتی جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنانەی کە بۆ نموونە شوورای بەرزی نیزامی لە میسر لەمەڕ ئەنجامدانی گۆڕانکاری دێموکراتیک لە ولات دا داونی، هەم دەتوانن لە دێموکراتیزە کردنی ئەم ولاتانەدا دەوری بەرچاویان هەبێ وهەمیش متمانەی خەڵکی ناوچەکە لەمەڕ بانگەشەکانیان بۆ پشتیوانی لە دێموکراسی و مافی مرۆڤ بە دەست بێنن. لەبەر ئەوەی کە دەوڵەتە رۆژئاواییەکان و بەتایبەت دەوڵەتی ئامریکا کارتێکەری بەرچاویان لە ولاتانێکی وەکوو میسردا هەیە بە پێی ئەمەش ئەگەر بیانەوێ دەتوانن ببنە فاکتەری یارمەتیدەری پرۆسەی دێموکراسی لەم ولاتانەدا.

شۆڕشەکانی توونیس و میسر لە سەردەمێکدا روویان دا کە بە قۆناغی «پاش ئیدئۆلۆژییەکان» ناوزەد دەکرێ. دژی رۆژئاوا بوون، دژی ئیمپریالیزم بوون، «خودکفایی» یەکی پشت بەستوو بە ئابوورییەکی داخراوی دەوڵەتی و هەڵوێستیی هیستریک بە نیسبەت ئیسرائیل، هەموو ئەو نۆرمە جیهانی سێهەمیانەن کە ولاتانێکی وەک میسر ئەزموونیان کردوون و پێیان دا تێپەڕیون، بۆیە ئەو نۆرم و دیاردانە بۆ ولاتانێکی وەک میسر، سەرنجڕاکێشی و تازەیی جارانیان نەماوە و گەڕانەوەی دووبارە بۆ ئەم نۆرمانە تا رادەیەکی زۆر ئەستەمە. هەر لەبەر ئەمەشە کە شوورای بەرزی نیزامی میسر رایگەیاند بە هەموو رێککەوتنەکانی لەگەڵ ولاتانی دیکە پابەند دەمێنێتەوە.

ئەرتەشی میسر سیمایەکی نەتەوەیی هەیە و لە نێو خەڵکی ئەم ولاتەدا خۆشەویستە ، بۆیە خەڵک تا رادەیەک متمانەی بە بەڵێنەکانی شوورای بەرزی نیزامی لەمەڕ ئەنجامدانی گۆڕانکاری دێموکراتیک لە میسردا هەیە و، بەتایبەت دوای ئەو راگەیاندنەی شوورای بەرزی نیزامی کە لە مانگی سێپتامبردا راپرسی لەسەر قانوونی بنەڕەتیی دەستکاریکراو دەکرێ و پاشان هەڵبژاردنیش بەڕێوەدەچێ، بەشێکی زۆری ئەم ترس و نیگەرانیانە کۆتایی هات کە گەلۆ ئەرتەش تا کەی دەیەوێ ولات بەڕێوە بباو ئایا شۆڕشی میسر حکوومەتی نیزامییەکانی لێ ناکەوێتەوە؟!




**ئەم شۆڕشانە کە بە شۆڕشگەلی خوازیاری دێموکراسی و مافی شارۆمەندی دەناسرێن، کەرامەتیان بۆ خەڵکی ناوچەکە بەگشتی گەڕاندەوەو هەموو ئەو تیۆریانەیان پووچەڵ کردەوە کە ناوچەکەیان خاڵی لە هەرچەشنە دینامیزێکی دێموکراسیخوازی و توانستی پاشەکشە پێکردن بە دیکتاتۆرەکان دەدی و لەسەر بە دیاری هێنانی دێموکراسی لە لایەن فاکتەری دەرەکییەوە پێداگرییان دەکرد**

# بەرەو کۆنگرەی پازدەو ئاوڕێک لەکۆنگرەی چاردە

**مستەفا شلّماشی**

**بەشی دووەم**

وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێرانێکی دێموکڕاتیکی فیدڕاڵ و لە شێوەی کۆماری کوردستان دا.

یەکەم پرسیار کە ئامانجی ستراتیژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دروستی دەکا ئەوەیە کە ئایا مەبەست لە دامەزراندنی کۆمار سەربەخۆیی یە، ئەگەر وایە چۆن لە سیستمی فیدڕاڵی دا دەتوانێ جێ بگرێ. بۆ ڕوونبونەوەی ئەو مەسەلە یە پێویستە لە پێشدا پێناسەی کۆمار بکەین و لە مەبەستە جۆراو جۆرەکانی دا هەڵی سەنگێنین. پاشان ئە و تاقیکردنەوانەی کە لەم بوارەدا تاکو ئێستا لە دنیادا هاتونە ئاراوە باس بکەین و دواتر مەبەستی ئەو دروشمەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لێک بدەینەوە. لە کۆتایی دا و لە ژێر ڕووناکی ئەو باسەدا قامک بۆ ئەوە ڕادێرین کە ئایا ئەو دروشمە، واقیعبینانەو قابیلی بەکردەوە کردنە لە چوارچێوەی فیدڕالیزمێک دا کە لەسەر بناغەی پێکهاتەی نەتەوەکانی نێو ئێران و سنوری جوغرافیایی شوێنی دانیشتنی ئەو نەتەوانە پێک هاتبێ. یا نا.

هەتا سەدەی نۆزدە کۆمار تەنیا وەکو شێوەیەک یا فۆرمێک لە دەوڵەت چاو لێ دەکراو لە بەرامبەر مۆنارشی،ئەرستۆکراسی ودێموکڕاسی، دا دەنرا. واتە ٤ جۆر دەوڵەت پێناسە دەکرا ن کە بریتی بوون لە مۆنارشی، ئەرستۆکڕاسی، دیموکڕاسی یان کۆماری. ئەو ناوە زۆرتر لە شێوەی دیاریکردنی سەرۆکەکان دا لیک دەدەرایەوە تا لە نێوەرۆکی سیستم و کار کردەکانی دا. دیارە هەر لە و سەردەمیش دا هێندێک نمونەی جیاواز هەبوون وەک کۆماری حەوت وڵاتە یەکگرتووە نزمەکان(هولەندی پێشو) و سویس. بەڵام زۆر سەرنج نەدەدرایە ئەوانە.یا بە واتایەکی دیکە لە کلاسیکی کۆن دا ئەو شێوە حکومەت کردنانە پشتگوێ دەخران و بە حیساب نەدەهاتن.

ووشەی کۆمار (ڕیپۆبلیک) république بە ئەسڵ ووشەیەکی فەرانسەوی یە وبە مانای «مە سەلەی خەڵک « یا «ئیرادەی خەڵک»ە . لە فۆڕمی دەوڵەتی دا بەو مانایەیە کە لە جیاتی ئەوەی کە سەرۆکی قەوارەیەکی سیاسی بە هۆی میراتی یا خۆ سەپاندنەوە دیاری بکرێ، لە لایەن خەڵکەوە دیاری دەکرێ. کەوابو سیستمی کۆماری ئەو سیستمەیە کە سەرۆک یا بەڕێوەبەری ئە و ئیدارەیە، یا ئەو قەوارە سیاسییە لە لایەن خەڵکەوە دیاری دەکرێ و بە میرات نەماوەتەوە، یا بەزۆر نە سەپێنراوە.

لە سەر دەمی ئەوڕۆدا کۆمار وەک سیتمی دەوڵەت چاو لێناکرێ کە بە یەک شکڵ لە دروستکردن و بە ڕێوە بردنی دەوڵەت بناسرێ، بەڵکو لە بەرامبەر شێوەی بە ڕێوەبەریی مۆنارشی دادەنرێ و واتاکەی دەبێتە دانانی دەسەڵاتدار بە ئیرادەی خەڵک . لە سەردەمی ئەوڕۆدا دوو سیستمی مۆنارشی و کۆماری لە باری نێوەرۆکە وە تەنیا بە شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆک، یا بە ڕێوەبەرو شێوەی دابەشکردنی دەسەڵات دا لێک جیا دەکرێنەوە، سەرۆک بە ئیرادەی خەڵک دانراوە یا بە بێ ئیرادەی خەڵک و لە دابەشکردنی دەسەڵات دا چ پشکێکی بەرکەوتووە. دە نا لە سەردەمی ئەوڕۆدا لە هەردووک حاڵەتەکە دا ناوەرۆک و شێوەی دەوڵەت دەتوانن وەک یەک بن. زۆر وەڵاتی وامان هەیە کە سەرۆک بە شێوەی مۆنارشی دانراوە کەچی دەوڵەت دێموکڕاتیکە. پێچە وانەکەشی هەیە کە کۆمارییە، کەچی دێموکڕاسی وجودی نییە.

ئێمە دەتوانین لە دنیادا زیاتر لە مۆدێلێک هەم بۆ سیستمی کۆماری وهەم بۆ سیستمی پاشایەتی و هەروەهاش بۆ سیستمی کۆماریی فیدڕاڵ یا غەیرە فیدڕاڵ و پاشایەتیی فیدڕاڵ یا غەیرە فیدڕاڵ بە نمونە بێنینەوە. بۆیە بێ کەڵک نابێ ئەگەر لە ووتارەکەمان دا چەند وێنە یەک لە سیستمی کۆماریی فیدڕاڵی و پاشایەتیی فیدڕاڵی باس بکەین. هەر چەند دێموکڕاسی و ئیدارە کردن بە شێوەی کۆماری ڕاست بە واتای ئەوەیە کە هیچ وڵاتێک و نەتەوەیەک نوسخە بۆ نەتەوەیەکی دیکە نە پێچێتەوە و ئێمەش دەبێ ئەوەندە باوەڕمان بە خۆمان هەبێ کە شێوەی گونجاو بۆ وەڵاتی خۆمان هەڵبژێرین. لە کۆتایی دا دێموکڕاسی بە مانای لابردنی دەبێ و نابێ یەکانە. هەر نەتەوەیەک پێویستە سەرەڕای ئەوەی کە لە تاقیکردنەوەی نەتەوەکانی دیکەی دنیا کە لّک وەردەگرێ، بتوانێ سیستمی ئیدارەی خۆی دیاری بکا. بۆیە زۆر سەیر بو کاتیک لە ئامانجی ستراتیژیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا مە سەلەی کۆمار هاتە ئاراوە ، تەنانەت هێدێک لەو هیزانەی کە خۆیان بە دێموکڕات دەزانن، شتەکەیان بە نامۆ باس کرد. لە بەر ئەوە من بە پێویستی دەزانم چە ند وێنەیەکی پیادەکراو لەو شێوە بە ڕێوەبردنە لە دنیا دا باس بکەم.

ئەگەر لە تاقی کردنە وە مێژوییەکەی یەکیەتی سۆڤیەتیش تێپەڕین بە دەلیلی ئەوەی کە بە هۆی ئاڵ وگۆڕەوە بوونی نەماوە، دەکرێ باسی مۆدێلەکانی بلژیک، ئاڵمان، سویس،عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین.

ئێستا ئەو شکڵی کۆماریی دەسەڵات یا بە واتایەکی دیکە دیاریکردنی سەرۆکایەتی و بەڕێوە بەرایەتی کۆماری بە شێوەی جیاواز و لە فۆڕمی جیاواز دا لە وڵاتە جۆربەجۆرەکان پیادە دەکرێ. لە وڵاتە یەکرتووەکانی ئەمریکادا یەک سەرۆک بۆ ٥٢ ویلایەت یا وڵاتی جیاواز دیاری دەکرێ. ئەویش بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ نا بەڵکو بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە لایەن نوێنەرانی خەڵکەوە. واتە لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دا خەڵک سەرۆک کۆمار هەڵنابژێرێ بەڵکو ٥٣٨ کەس» kiesman « هەڵدەبژێرێ. هەر کام لە کاندیدەکان زۆرینەی ئە و کیسمانانەی هەبو، هەڵبژاردنی بردوەتەوە.

وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر چەندە یەک بە یەک ناوی کۆماریان لەسەر نییە، بەڵام هەرکامەشیان سەلاحییەتی کۆمارێکی فیدڕاڵیان هەیە. تەنانەت ناوی کۆمار لەسەر فیدڕاڵەکەش نییە، بەڵکو بە ناوی هەمو وڵاتەکانە. ناگوترێ کوماری ئەمریکا، بەڵکو دەگوترێ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەرچەند سیستمەکەش



کۆماری یە. مە سەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە هەر فیدڕاڵەی بۆخۆی دەتوانێ قانونی جیاوازی خۆی دانێ، تەنیا بە مەرجێک تەناقوزی نەبێ لە گەڵ قانونی بنەڕەتی سەراسەری. کەوابو لێرە مۆدێلێکی تەواو جیاواز بە ڕێوە چووە و فیدڕالیزم بۆ ئەو هەل و مەرجە تایبەتییە دامەزراوە.

مەسەلەیەکی دیکە لە مۆدێلی ئەمریکادا ئەوەیە کە سەرۆک کۆمار هەر چەند ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵنابژێردرێ و هەرچەند لە ویلایەتە کانیش دا زۆر دەخالەت لە کارو باری نێو خۆییان دا ناکا، بەڵام لە ڕاددەی سەراسەری و لە سیاسەتی دەرەوە دا دەسەڵاتێکی زۆری هەیە. ئاخرین بڕیاردەرەو تەنانەت دەتوانێ پاڕلەمانیش بنێرێتەوە ماڵێ.

مۆدێلی ئاڵمانیش بۆ وەڵاتێکی فیدڕاڵی داڕێژراوە کە مێژوویەکی درێژی لە سیستمی مۆنارشی هەبووە. ئەو فیدڕاڵەش سە ڵاحییەت و دەسەڵاتی بەتەواوی لە نێو هەرێمە فیدڕڵەکان دا دابەش کردووە و ئەوەندەی دەسەڵات داوە بە هەرێمەکان کە تەنانەت ناوی کۆماری بە هەموویانەوە گرێ داوە. هەر وەک لە ناوەکەشی دا دەردەکەوێ. کۆماری ئاڵمانی فیدڕاڵ. سەرۆکی وڵاتەکەش هەر بەوشێوە نیسبەتی دراوە بە فیدڕاڵەکەوە « Bondspresident » سەرۆکی بۆند، یا فیدڕاڵ. هەروەها سەرۆکی سیاسی و ئیجرایی وڵاتەکەش، یا بڵێین سەرۆکی دەوڵەتیش هەروا.

جگە لەوەش ئالمان هەرچەند لە بناغەدا یەک نەتەوەشە بەڵام بۆ هەمو هەرێمە فیدڕاڵەکان سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێردرێ. لە م مۆدێلە دا بە پێچەوانەی ئەمریکاوە دەسەڵات زۆرتر لە دەست سەرۆکی دەوڵەت دایە و سەرۆک کۆمار مەگەر لە کاتی قەیرانەکان دا دەنا کاری بە سیاسەت نییە.

مۆدێلی سویس شێوەیەکی تەواو جیاوازی هەیە لە هە ر دووک مۆدێلەکەی دیکە. کۆمارێکی فیدڕال لەسەر بناغەی یەکگرتنی ٢٦ کانتۆن. سێ زمانی ڕەسمی و بێ زمانی سەراسەری. زمانەکانی ئاڵمانی، فەڕانسەوی. ئیتالیایی و هەروەها زمانێکی دیکەش بە ناوی ڕێتۆ-ڕۆمانس، هەر چواریان زمانی ڕەسمی ناوچەی خۆیانن. بۆ دەوڵەتی فیدڕال هەمویان ڕەسمین و لە ناوچەی هەرکام لەو زمانانەش کەس مەجبور نییە زمانی ئەوانی دیکە فێر بێ. جگە لە وە کانتۆنەکان لە ناوچەی خۆیان دەسەڵاتی تەواویان هەیە و لە زۆر باریشەوە، بەتایبەت لە بواری خوێندن، فەرهەنگ و پێکهاتەی نەتەوەییە وە، هەرسێک نەتەوە سەرەکییەکە واتە ئاڵمانی، فەڕانسەیی و ئیتالی لە ناوچەی خۆیان دا وەک سەر بەخۆ وان. مۆدێلی سویسی کە لە بناغەدا کریستاڵێکە لە ناوچەی هۆزە کۆنەکان سادەترین شێوەی کۆماری فیدڕاڵە و هەمو پێکهاتەکان تێیدا سەر بەستن.

کۆماری فیدڕالی سویس ٢٦ ئاڵای هەیە، چونکە هەر کانتۆنە ئاڵای جیاوازی خۆی هەیە.

فیدڕالیزمی بلژیک لە سیستمێکی پاشایەتی دا دامەزراوە و لە سەر بناغەی پێکهاتە ی نەتەوەیی. هەرچەندە وەڵاتێکی بچوکە و تەنیا لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە، بەڵام سیستمی فیدڕالییەکەی زۆر لەو مۆدێلە دەچێ کە لە نێو بەرنامەی زووربەی حیزبە کوردییەکان داهەیە. لە وێش دا نەتەوە بناغەی پێکهینانی فیدڕاله و بۆیە بلژیک پێکهاتووە لە سێ ناوچەی فیدڕال. واتە برۆکسل کە هەردووک نەتەوەی سەرەکی واتە «فلاندەرن»ی هولەندی زمان و «والۆنی»ی فەڕانسەوی زمانی تێدا دەژی و پایتەختی سەرانسەرییە و فیدڕالی ناوچەی هولەندی زمان و فیدڕاڵی ناوچەی فەڕانسەوی زمان. هەرسێک فیدڕاڵ پاڕلەمان و دەوڵەت و ئاڵای خۆیان هەیە و هەردووک زمانەکەش زمانی ڕەسمی وەڵاتن. هەر کەس لە ناوچەی خۆی زمانی خۆی دەخوێنێ و بەکار دێنێ و مەجبوریش نییە زمانی ئەوەی دی فێر بێ.

بە لام لە هەموان نیزیکتر بە ئێمە عێراقە کە تێیدا بۆ بەشێک لە کوردستان فیدڕالیزم پیادەکراوە بە دەوڵەت و سەرۆک و پارلەمان و ئاڵای خۆیەوە. جگە لە سیاسەتی خاریجی و پەیوەندییە خاریجییەکانیش هەمو سە ڵاحییەتێکی پێدراوە و تەنانەت لە و بوارەش دا خاوەنی دیپلۆماسی جیاوازی خۆشیەتی.

مەبەست لە هێنانە وەی ئەو نمونانە ئەوەیە کە فیدڕالیزم یەک مۆدێلی موتڵەقی تاک نییە. هەروەڵاتەی بە پێی هەل و مەرجی خۆی مۆدێلی خۆی دامەزراندووە. ئاڵمانی لاسای ئەمریکایی نەکردوەتەوە و سویسی، ئاڵمانی نەکردوەتە ئولگوی خۆی بلژیکی و حڕاقیش هەرکام بە پیی هەل و مەرجی خۆیان فیدڕاڵیان دامەزراندووە. هەرچەند هەمویان چەند پرێسیپێکی نە گۆڕی وەک دانی سیاسەتی دەرەوە و بەرنامەڕیزی کەلان و پاراستنی سنورەکانیان داوە بە ناوەند. یەک لە سیستمی پاشایەتی دا، واتە لە مۆنارشی دا، فیدڕاڵی بە ئیرادەی خەڵکی ناوچە دابەزاندووە، ئەوی دی لە سەر بناغەی دابەشبونی هۆزەکان، کانتۆنی پێکهێناوە و یەکی دیکە لە نیوکۆمارێک دا تەنیا یەک فیدڕاڵی بۆ چارەسەری مە سەلەی نەتەوەیی، گەلێکی بەشخوراو دامەزرادوەو لە شوێنێکی دی چەندین دەوڵەتی بە شێوەی فیدڕاڵ لێک گرێ داوە. لە دنیادا زۆر وێنەی دیکەمان هەن کە لەوانەش جیاوازن، بەڵام پێویست ناکا هەمویان باس بکەین. بۆ باسەکەی ئێمە ئەوەندە بەسە کە بتوانین بسەلمێنین کە گرنگ ئەوەیە میکانیزمێک بدۆزرێتەوە کە بە هۆیەوە نرخە مێژوییەکانی ئەو نەتەوە، یا نەتەوانەی کە فیدڕالیزمەکە دادەمەزرێنن بپارێزرێن و لە هەمان کاتیش دا دەسەڵات و ئیرادەی نەتەوەکە زاڵ بێ بەسەر شێوەی بەڕێوە بردن دا. چونکە هەر وەک باسمان کرد، کۆمار لە نێوەروک دا شتێک نییە جگە لە پاراستنی نرخە مێژووییەکان و دانانی دەسەڵاتدار بە ئیرادەی خەڵک.

بۆیە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دا مافی خۆیەتی کە بە پێی هەل و مەرجی مێژوویی خۆی و بە ئیرادەی خۆی شێوەی فیدڕالیزمی گونجاو لە گەڵ هەل و مەرجەکەی دامەزرێنی. بە تایبەت بە لە بەر چاو گرتنی ئەو ڕاستییەی کە چەند دەهەیەک لە مەوبەر تاقی کردنەوەی کۆماری کوردستانی هەبووە.

کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش بە پەسند کردنی ئەو ئامانجە ستراتیژییە هەوڵی داوە میکانیزمێکی گونجاو بۆ زیندو ڕاگرتنی دەسکەوتە مێژووییەکان، بۆ وێنە کۆماری کوردستان و گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ ئیرادەی خەڵک دەستنیشان بکا. هەروەک لە پێناسەی کۆمار دا زۆر بە جوانی دەردەکەوێ. کۆماری کوردستان پێکهاتەیەکی نەتەوەیی، دێموکڕاتیک و کوردستانییە.

**گرنگ ئەوەیە میکانیزمێک بدۆزرێتەوە کە بە هۆیەوە نرخە مێژوییەکانی ئەو نەتەوە، یا نەتەوانەی کە فیدڕالیزمەکە دادەمەزرێنن بپارێزرێن و لە هەمان کاتیش دا دەسەڵات و ئیرادەی نەتەوەکە زاڵ بێ بەسەر شێوەی بەڕێوە بردن دا. چونکە هەر وەک باسمان کرد، کۆمار لە نێوەروک دا شتێک نییە جگە لە پاراستنی نرخە مێژووییەکان و دانانی دەسەڵاتدار بە ئیرادەی خەڵک**

# شۆڕشەکان لە سەدەی ٢١ دا بەردەوامن

ڕەحمان سەلیمی

شۆڕش لەو چەمکە سیاسی ـ کۆمەڵایەتیانەیە کە زیاترین بیرمەندی سیاسی و فەلسەفی بە خۆوە خەریک کردوەو لە مێژووی نوێ دا زیاترین کێشە و جیاوازیی روانگە لەسەر پێناسەی ئەو چەمکە لە ئارادا بووە. بە شێوەیەک کە ئیدئۆلۆگەکانی کۆمۆنیست و کۆنسێرڤات و ناسیۆنالیست، هەرکام بە پێی خوێندنەوەیان بۆ دەسەڵات و رزگاریی خەڵک و پێکهێنانی جیهانێکی باشترو یان یۆتۆپیایی هەوڵیان داوە مۆرکی خۆیان بە چەمکی شۆڕشەوە بدەن. شۆڕش لە روانگەی بیرمەندانەوە پرێسپێکتیڤێک لە واتای زۆر نیگەتیڤ یان زۆر پۆزەتیڤ(وێرانگەرانە و بنیاتنەرانە) لە خۆ دەگرێ. بە واتایەکی دیکە هێندێکیان شۆڕش بە حەرەکەتێکی یاغیانە و کۆنترۆڵ نەکراو پێناسە دەکەن کە هیچ ئامانجێکی دیاریکراوی لە پشتەوە نیە و تەنیا ئەمنیەتی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکان دا دەخاتە مەترسییەوەو لەلایەکی دیکەوە هێندێک پێیان وایە شۆڕش بەرزترین شێوازی بەشداریی جەماوەر لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و گەشەی درەوشاوەی بیاڤی گشتییە لە هەر کۆمەڵگەیەک دا کە شۆڕشی تێدا روو دەدات.

واتای شۆڕش: شۆڕش هەمان وشەی revolution لە زمانی ئینگلیسییە کە مێژوویەکی کۆنی هەیە بەڵام ئەوە لە سەردەمی شۆڕشی ١٦٦٨ی ئینگلستان دایە کە مانای سیاسی بەخۆوە دەگرێ، شۆڕشێک کە تێیدا سیستمی پاشایەتی تێکەوە پێچراو جێگەی خۆی دا بە

**ئایا بە راستی سەردەمی رووداني شۆڕش بەسەر چووە و یان بە پێچەوانەوە شۆڕش تایبەت بە سەردەمێک نییە و لەوانەیە ڕێژەی بەکارهێنانی توندوتیژی و یا خوێناوی بوونی شۆڕش کەم بووبێتەوە؟**

سیستمی پارلمانی لەو وڵاتەدا.

هێندێک لە بیرمەندانی کۆنسێرڤات وەک توماس هابز بە توندی دژایەتیی شۆڕش دەکەن و لەسەر ئەو بڕوایەن کە ستەمکارترین حکوومەتەکان باشترن لە پشێوی و ئاڵۆزی بەرهەمهاتوو لە شۆڕش، سامۆئێل هانیتنکتۆن پێی وایە شۆڕش گۆڕانگارییەکی خێرا، بنەڕەتی و توندوتیژە لە بایەخەکان و ئوستوورە باوەکانی کۆمەڵگە، دامەزراوە سیاسییەکان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ڕێبەری، بەرنامەکانی حکوومەت و سیاسەتەکان. لە پێناسەیەکی دیکەدا شۆڕش بە هەوڵێکی سەرکەوتوو یان سەرنەکەوتووی جەماوەریی لە قەڵەم دەدرێ بە مەبەستی پێکهێنانی گۆڕانکاری لە ستراکتۆرو پێکهاتەی کۆمەڵگە لە ڕێگەی بە کار هێنانی توندوتیژییەوە.

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ پێناسەیەک بۆ چەمکی شۆڕش بکرێ کە وڵامدەری ئەو پرسیار و گومانانە بێ کە لە ئارادان. شۆڕش سەرهەڵدانێکی جەماوەری و نافەرمانییەکی مەدەنی و نایاساییە دژی یاسا بنەڕەتییەکانی دەسەڵات بە مەبەستی پێکهێنانی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە هەموو و یان زۆربەی بوارەکانی کۆمەڵگەدا وەک سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی و ..

تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شۆڕش: بۆ ئەوەی شۆڕشێک بتوانێت بە ئامانج و یا زیاترین ئامانجەکانی بگا، پێویستە:

١ـ بەکارهێنانی هێزی سیاسی نایاسایی دژی دەسەڵات کە بە زۆری لەلایەن دەسەڵاتەوە بە شێوازێکی توندوتیژ وڵامی دەدرێتەوە.

٢ـ بەشداریی جەماوەر لە شۆڕش دا کە خاڵێکی جیاکەرەوەی شۆڕشە لەگەڵ شێوازەکاتی دیکەی گۆڕانکاری.

٣ـ بوونی ڕێبەر یان ڕێبەرییەک کە بارودۆخی نالەباری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری و سیاسی بکاتە هەوێنی مۆبیلیزە کردنی جەماوەر.

٤ـ ئیدئۆلۆژی: لێکدانەوەی فکری و فەلسەفی بارودۆخی ئارایی و دەستنیشانکردنی داهاتوویەکی باشتر بۆ کۆمەڵگە مانا بە حەرەکەتی شۆڕشگێڕانە دەدا و بەرچاوروونی بە داهاتووی شۆڕش دەدا.

ئایا بە راستی سەردەمی رووداني شۆڕش بەسەر چووە و یان بە پێچەوانەوە شۆڕش تایبەت بە سەردەمێک نییە و لەوانەیە ڕێژەی بەکارهێنانی توندوتیژی و یا خوێناوی بوونی شۆڕش کەم بووبێتەوە؟

ئایا لەو کۆمەڵگەیانەدا کە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی زاڵە و کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵات گەورەترە لەوەی کە بە شێوازێکی ئاسایی و ئاشتیانە داواکارییەکانیان بێننە گۆڕێ و کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ گواستنەوەی ئەو داواکارییانە بۆ دەسەڵات بوونی نییە، ڕێگەیەکی دیکە جگەلە شۆڕش بۆ خەڵک دەمێنێتەوە تا بەرگری لە مافەکانیان بکەن؟

ئایا رووداني شۆڕشە رەنگییەکان لە نێوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئۆرووپاو ئاسیای نێوەڕاست پاش هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت دەکرێ لە چوارچێوەی ڕیفۆرم دا پێناسە بکرێ؟

ئایا پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری لەسەر شۆڕشی جەماوەری هەیە؟



سەرهەڵدانی شۆڕش لە وڵاتانی عەرەبی و سەرکەوتنی خۆپێشاندانە جەماوەرییەکان لە توونس و میسر سەلماندی کە سەدەی (٢١) هەروەک سەدەی ٢٠، دەکرێ وەک سەدەی شۆڕشە جەماوەرییەکان سەیر بکرێ.

هەر کۆمەڵگەیەک خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بێ ئەگەری سەرهەڵدانی شۆڕشی تێدا بەهێز دەبێ کە بریتین لە:

نەبوونی ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، هەژاری و بێکاری و ئابووریی داتەپیو، نەبوونی مەجالی دەربڕینی رای جیاواز و لە ئارادا نەبوونی دامەزراوە ناحکوومییەکان، نەبوونی باڵانس لە نێوان گەشەی ئابووری و گەشەی سیاسیدا، هەستکردنی هاووڵاتان بە رووخانی کەسایەتیی نەتەوەیی و نیشتمانی لە ئاست نەتەوەکانی دیکەدا.

کە واتە هەر کاتێک ئەو هۆکارانە ئامادە بوون ئەگەری شۆڕشی جەماوەری لە ئارا دادەبێت جا چ لە سەدەی ١٩ یان سەدەی ٢١ دا بێ.

**ئێران و شۆڕش**

ئایا بەستێنەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش لە ئێران دا ئامادەن و ئایا ئەگەری رووداني شۆڕشێکی وەک میسر و توونس لە ئێران دا بەدی دەکرێ؟ و یا جیاوازیی لە نێوان ئەو وڵاتانەو بارودۆخی سیاسی و دەسەڵاتداریان لەگەڵ ئێران دا هەیە؟

کەسایەتیی ئێرانی، کەسایەتییەکی بریندار و رووشاوە بەتایبەت بەرووی جیهانی دەرەوە، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی سەری هەر چەشنە ئازادییەکی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی بڕیوە، بێکاری و هەژاری و ناهومێدی باڵی بەسەر بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگەی ئێران کێشاوە، مەجال و دەرفەتی گۆڕینی دەسەڵات و شێوەی حوکمرانی بە شێوازی هەڵبژاردن و ئاشتیانە لە گۆڕێ دا نییە، کە کۆی ئەم فاکتۆرانە هەمان هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش لە میسر و توونس بوون. بەڵام لە لایەکی دیکە هێندێک جیاوازی لە نێوان ئێران و وڵاتانی عەرەبی بەدی دەکرێن کە ئەگەری شۆڕشی جەماوەری لە ئێران دا دژوار دەکەن. ڕێبەرانی میسر و توونس فەرمانبەر و ئاڵقە لە گوێی وڵاتانی رۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا بوون و لە قۆناغی پەرەسەندنی سەرهەڵدانە جەماوەرییەکان بەتایبەت لە لایەن ئەمریکاوە کەوتنە ژێر فشارەوە کە لە لایەکەوە هێزی سوپا دژ بە جەماوەر بەکار نەهێنن و لە لایەکی دیکەوە وڵات بە جێ بێڵن کە ئەم دوو مەسەلەیە رۆڵی زۆر گرینگی لە خێراتر کردنی رەوتی گۆڕانکارییەکان و سەرکەوتنی خەڵک و رووخانی حکوومەت لە هەر دوو وڵاتی میسر و توونس دا گیرا. ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕێبەرانی ئێران بە توندی سەرکوتی نارازییان دەکەن و باش لەو راستییە تێدەگەن کە لە نەمانی کۆماری ئیسلامی دا تەنانەت ژیانیشیان دەکەوێتە مەترسییەوە.

**بەرین بوونەوەی داخوازییەکانی خەڵک و تێپەڕین لە قۆناغی بزووتنەوەی سەوز و هەروەها درێژەی سەرهەڵدانەکانی جیهانی عەرەب دەتوانن ڕێخۆشکەر بن بۆ رووداني شۆڕش و بە ئاکام گەیشتنی هەوڵە ڕزگاریخوازەکان لە ئێراندا**

یەکێکی دیکە لە بەربەستەکانی رووداني شۆڕش لە ئێران، بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بێ ڕێبەر و یا ڕێبەرانی کۆنسێرڤات لە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆدایە کە تا رادەیەکی زۆر نارەزایەتییەکانی سنووردار کردوە. لە راستیدا رادیکالیزم لە پێویستیە هەرە سەرەکییەکانی شۆڕشەکانە کە لە ئێراندا لانیکەم لە لایەن ڕێبەرانی ئێستای نارازییانەوە بوونی نییە.

بەرین بوونەوەی داخوازییەکانی خەڵک و تێپەڕین لە قۆناغی بزووتنەوەی سەوز و هەروەها درێژەی سەرهەڵدانەکانی جیهانی عەرەب دەتوانن ڕێخۆشکەر بن بۆ رووداني شۆڕش و بە ئاکام گەیشتنی هەوڵە ڕزگاریخوازەکان لە ئێراندا.

---

درێژەی:

## کوردستان و ٣٢ ساڵ بەربەرەکانی دژی کۆماری ئیسلامی

دژایەتیی کۆماری ئیسلامی، پۆل پۆل لە چالاکانی سیاسیی و مەدەنیی کوردی بە دوای دادگایەکی رواڵەتیی چەند خولەکی بە مەرگ مەحکووم و بە دەستی جەلادەکانی سپارد، ئێستاش دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی تاوانی شەڕ لەگەڵ خودا بە سەر رۆڵە ئازادیخوازەکانی کورددا دەسەپێنێ و بە مەرگیان مەحکووم دەکا.

تێرۆری ڕێبەرانی سیاسیی کورد و لە سەرووی هەمووشیانەوە تێرۆری دکتۆر عبدالرحمن قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی لە ئوتریش و هەروەها تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە ئاڵمان یەکێکی دیکە لەو سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامی بۆ زەبر وەشاندن لە جووڵانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورد بووە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا سەدان رۆڵەی ئازادیخوازی کوردی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران تێرۆر کردوە و بەوەش پەڵەی شەرمی تێرۆریستی نێودەوڵەتی بۆ تەویڵی خۆی کڕیوە.

بەڵێ، ٣٢ ساڵ لە تەمەنی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی رادەبرێ. بەرهەمی ئەو دەسەڵاتدارەتییە بۆ خەڵکی کوردستان تا ئێستا جگە لە دواکەتوویی ئابووری و ڕێگەپێنەدان بە بەشداریی سیاسی و بێبەشی لە مافە کۆمەڵایەتی و مەدەنی و سیاسییەکانیان شتێک نەبووە.

کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا بە هەزاران ئازادیخوازی کوردی لە سێدارە داوە و تێرۆری کردوون. بە هەزاران کەسی بە تاوانی ئازادیخوازی لە بەندیخانە توند کردوە و حوکمی زیندانی درێژخایەن و ئیعدامی بەسەردا سەپاندوون.

لە کوردستانی ئێراندا هەرچەشنە تێکۆشانێکی سیاسی بۆ حیزبە کوردییەکان قەدەغەیە و هەموو حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێران هەڵوەشێندراوە ومونحەللە راگەیاندراون و بە پێی بەندەکانی ١٩٧ تا ٢٠٢ ی یاسای «حدود و قەساسی» کۆماری ئیسلامی، ئەندامانی حیزبە کوردییەکان بە «مفسد فی الارض» ومحارب دژی خودا» دەناسرێن و بەوەش هەر لە جێدا حوکمی مەرگیان دراوە.

سەرکوتی ئازادییەکان و یەک لەوان ئازادیی چاپەمەنی و رادەربڕین یەکێکی دیکە لە دەرکەوتەکانی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانە. کۆماری ئیسلامی لە کاتێک دا یادی ٣٢ ساڵەی تەمەنی خۆی دەکاتەوە کە هەموو میدیا و رۆژنامە و بڵاڤۆکە کوردییەکان لە کوردستان بە قامکەکانی دەست دەژمێردرێن و رۆژنامەنووسانی کوردیش یان لە بەندیخانە توند کراون، یان بە ناچاری کوردستانیان جێ هیشتوە.

لە ئێراندا هێشتا خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا قەدەغەیە و ئابووریی ناوچە کوردنشینەکان لەو پەڕی خراپی دایە. رادەی بێکاری لە کوردستان لە ٥٠٪یش تێ دەپەڕی.

کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سیستماتیک مادە هۆشبەرەکان لە نێو لاوانی کورد دا بڵاو دەکاتەوە بۆ ئەوەی پێشی گەشە کردن و بەشدارییان لە خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد بگرێ.

تەقە کردن لە خەڵکی بێتاوانی کورد لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە بووتە کردەوەیەکی رۆژانە و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان ئاکامی کردەوەی هێزە چەکدارەکان نییە، بەڵکوو هەڵقووڵاو لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێرانە دژی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران.

ئەوانە هەمووی سووکە ئاوڕێک لە مێژووی ٣٢ ساڵەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بە سەر کوردستان و ئێراندا بووە، بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا گرینگ و جێی سەرنجی تایبەتییە ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو ئەو سەرکوت و سیاسەتی زەبرو زەنگە، نەتەوەی وشیاری کورد نەک پاشەکشەی لە ویست و داوا دیموکراتیک و رەواکانی نەکردوە، بەڵکوو لێبڕاوتر لە هەر کاتێک مکوڕ لە سەر وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەیە.

# ئامانج و ئاکامەکانی «کەمپینی ١٠ ڕۆژ خەبات دژی ئیعدام»

## لە مێزگردێک لە گەڵ بەڕێوەبەر و وتەبێژی ئەو کەمپەینەدا

ئا: عەلی بداغی

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەرەبەری ٣٢ ساڵەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا و لە بانگەوازێکدا، ڕۆژەکانی دەیەی بە ناو فەجر واتە ١٢تا ٢٢ ی ڕێبەندانی وەک دەیەی بەربەرەکانی لە گەڵ ئیعدام لە ئێران، بە تایبەت ئیعدامی بەندییە سیاسییەکان ڕاگەیاند و داوای لە سەرجەم حیزب و لایەن و کەسایەتییە خەباتگێڕەکانی کوردستان و ئێران کرد کە بە یەکەوە لەم ١٠ ڕۆژەدا،هەوڵەکانیان بە مەبەستی لەقاودانی ئیعدامەکان لە کۆماری ئیسلامی و بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایەتی لەم پێوەندییەدا و هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدامی بەندییە سیاسییەکان چڕوپڕ بکەن.**

**دوابەدوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، «کەمپینی ١٠ ڕۆژ خەبات دژی ئیعدام» وەڕێ کەوت و لە ماوەی ئەو ١٠ ڕۆژەدا ژمارەیەکی بەرچاو کەسایەتیی سیاسی و فەرهەنگی،ڕوناکبیران، ڕۆژنامەنووسان و چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی،دەنگی خۆیان تێکەڵ بە دەنگی کەمپینی ١٠ ڕۆژ خەبات بە دژی ئیعدام کرد و لە سێدارەدانی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە مەحکووم کرد.**

**« کوردستان» لەو پێوەندییەدا و بۆ باسی زیاتر لە سەر ئامانج و ئاکام و دەسکەوتەکانی ئەو کەمپەینە مێزگردێکی ڕۆژنامەنووسیی لە گەڵ حوسێن ئەحمەدپوور، ڕێکخەر و هەڵسووڕێنەری کەمپەین و جهانگیر عەبدوڵڵاهی، وتەبێژی کەمپەینی «کەمپینی ١٠ ڕۆژ خەبات دژی ئیعدام» پێک هێناوە:**

**کوردستان:** کاک جهانگیر هۆی ئەوەی کە ڕۆژەکانی دەیەی بە ناو فەجرتان بۆ ئەو کەمپەینە، واتە کارزاری ١٠ ڕۆژەی بەربەرەکانی لە گەڵ ئیعدام لە ئێران هەڵ بژارد چ بوو؟



**جهانگیر عەبدوڵڵاهی:** هەر وەک دەزانن لە ٢ یا سێ مانگی ڕابردوودا فشارەکان بۆ سەر ئازادیخوازان و چالاکانی سیاسی رووی لە زیادبوون کردوە. ئەم فشارانەش بۆ سەر چالاکانی سیاسیی کورد زیاتر بووە و چەند چالاکی سیاسیی کورد لە سێدارەدراون و چەندین کەسی دیکەش مەترسی لە سێدارەدانیان لەسەرە. بە هۆی نیگەرانی لەم شەپۆلی ئیعدامە و دوابەدوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەمپینی ١٠ ڕۆژ خەبات دژ بە ئیعدام وەڕێ کەوت. دیارە دەزانین کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا پڕوپاگەندە بۆ خۆی دەکا و ئێمەش لەو ماوەیە ویستمان کەڵک وەربگرین تا سیمای ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٢ ساڵی ڕابردوودا و بە تایبەت لەم ماوەیەی دواییدا دەربخەین.

لەم پێوەندییەدا ئیعدامی لاوانی کوردمان وەک بابەتێکی ڕۆژ زەق کردەوە و بە کارکردن لە سەر ئەم بابەتە و بابەتەکانی پێوەندیدار بەم کێشەیە، هەنگاومان بۆ ئاگادارکردنەوەی گەلی کورد و ئێران و گەیاندنی دەنگی زیندانیانی سیاسی بە ڕای گشتی جیهان و یەکخستنەوەی هەوڵەکان سەبارەت بەو بابەتە هەڵهێنایەوە. خوازیاری ئەوە بووین کە تەواوی ئەو چالاکیانەی کە بۆ پاراستنی گیانی بەندکراوانی سیاسی هاتۆتەدی کۆکەینەوە و هەموو پێکەوە کار بکەین و پێش بەو ئیعدامانە بگرین.

**کوردستان:** باستان لە بەشێک لەو ئامانجانە بۆ ئەو مەبەستە کرد. ئێوە هەوڵەکانتان زۆرتر لە سەر بە ڕۆژەڤ کردنی ئیعدامی چالاکانی سیاسیی کورد چڕ کردبۆوە یان بە گشتی پرسی ئیعدام لە ئێران لە تەواویەتی خۆی دا؟

**جهانگیر عەبدوڵڵاهی:** ئامانجەکان بە گشتی گەیاندنی دەنگی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی بەندکراو و مەحکووم بە ئیعدام وبە ڕۆژەڤ کردنی ئەو ئیعدامانەبوو. ئەرکمان ئاگادارکردنەوەی خەڵکی کورد بوو بەر لە هەر شتێک، دواتر ڕاکێشانی سەرنجی گەلانی ئێران و خەڵکی جیهان بوو کە ئەوەندەی بکرێ لەم پێوەندییەدا هەڵوێست بگرن.

هەروەها ئامانجمان ئاگادارکردنەوەی زیاتری ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە دۆخی بەندکراوانی کورد بوو، کاناڵیزەکردنی چالاکییەکان بۆ خەبات دژی ئەم حوکمە نامرۆیانەیە ئامانجی ئەم کەمپینە بووتا بتوانین پشتیوانیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان بە دەست بێنین و بە پتەوکردنی هەوڵەکانمان پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی بکەین.

**کوردستان:** کاک حوسێن! بەرەوڕووبوونەوەی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە کاریگەریی بانگەواز و هەوڵەکانی بەڕێوەبەرانی ئەو کەمپەینە لە سەر جموجۆڵ و بەدەنگەوە هاتنی خەڵک لە نێو خۆی کوردستان بۆ ئەو بانگەوازە چۆن هەڵ دەسەنگێنن؟

**حوسێن ئەحمەدپوور:** وڵامدانەوە بەم پرسیارە کارێکی زۆر سەختە، چونکە بۆ وەها کارێک پێویستە کۆمەڵێک پێوەر لەبەر دەست دا هەبێ کە لە رووی ئەو پێوەرانەوە لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکان بتوانی ئاستی کاریگەریی بانگەواز و هەوڵەکان هەڵسەنگێنی. بەڵام بەداخەوە بەهۆی دووری لە نێوخۆی وڵات و نەبوونی هیچ دەرفەتێک بۆ لێکۆڵینەوە، کاری هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتە زۆر قورسەو ناچارین تەنیا بەو زانیارییانە پشت ببەستین کە لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانەوە و لەرێگەی جۆراوجۆرەوە بەدەستمان گەیشتوون. چونکە بەشی سەرەکی زۆری چالاکییەکانی ئەم کەمپەینە لە ڕێگەی تەلەویزیۆنی کوردکاناڵەوە بڵاودەبۆوە، بەپێی کۆمەڵێک بەڵگە لەو ماوەیەدا ڕێژەی بینەرانی ئەم تەلەویزیۆنە بەتایبەت لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان زیادی کردوە. یان بەپێی کۆمەڵێک زانیاریی زۆر ورد، لە شارە جۆراوجۆرەکان بابەتی ئیعدام و ئەوەیکە دەهەی فەجر بە ناوی ١٠ ڕۆژ خەبات دژ بە سزای ئیعدام پێناسە کراوە، لەنێو خەڵکدا زۆر باسی لێدەکرێ و لە شوێنە گشتییەکاندا بووەتە جێگای باسی خەڵک و پێشوازی لەم هەڵوێستە کراوە. لە هێندێک شوێن دا خەڵک بۆخۆیان لەم پێوەندییەدا درووشمیان نووسیوە، sms یان بۆ یەکتر ناردووە. ئەمانە بەگشتی نیشان دەدەن کە هەوڵەکانمان لەگەڵ پێشوازیی خەڵک ڕووبەڕوو بۆتەوە. دیارە دەرکەوتنی کاریگەری ئەم شێوە کارو چالاکیانە لە درێژخایەن دا دەردەکەوێ و ئاکامی کۆمەڵێک کارو چالاکی لەم چەشنەیە کە کۆمەڵگا ئامادە دەکا کە لە کاتێکی گونجاودا هەڵوێست بگرێ.

**کوردستان:** ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانتان لە دەرەوەی کوردستان بە چ شێوەیەک بوو، ئایا ئەو دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەیە ئامانجەکانی ئێوەی پێکابوو؟

**حوسێن ئەحمەدپوور:** لە دەروەی وڵات لە بەراورد لەگەڵ ئەو ماوە کەمەدا کە لەبەر دەست دابوو، زۆر کاری باش کرا. پێوەندی گرتن بە کەسایەتی و ڕێکخراو و لایەنی جۆراوجۆر کە پشتیوانی لەم هەڵوێستە بکەن و کاری بۆ بکەن کە بەختەوەرانە لە ماوەی تەنیا چەند ڕۆژدا زیاتر لە ٥٠ ڕێکخراو و لایەن و کەسایەتیی کورد و غەیرە کورد پشتیوانیان لێکرد و بە هەڵوێستێکی زۆر شیاو و پێشکەوتنخوازانەیان زانی. لە چەندین شاری ئورووپا بەڕێوەبەرانی ئەم کەمپینە لە دەرەوەی وڵات بە هاوکاریی خەڵک و لایەنی دیکە خۆپێشاندانی گەورەیان ساز کرد، بۆ وێنە تەنیا لە نۆرویژ سەدان کەس لە خۆپێشاندانەکەدا بەشداریان کرد و تێیدا چەند پارلمانتێری نۆروێژی بەشدار بوون و لەم پێوەندییەدا قسەیان کرد و پەیامیان هەبوو. کومیتەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەروەی وڵات زۆر بە باشی کاریان کرد کە بە ڕاستی جێگەی خۆیەتی سپاسیان بکرێ و دەستخۆشیان لێ بکرێ. بێگومان ئەم شێوە کارکردنە لە دەرەوەی وڵات هەم لە کورت ماوەداو هەم لە درێژ ماوەدا کاریگەری باشیان دەبێ و پێویستە کە بەردەوام بێ.

**کوردستان:** کاک جهانگیر! لە پێوەندی لە گەڵ بەدەنگەوە نەهاتنی حیزبەکاندا، بۆ جیا لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، هیچ حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشوازیی لە هەوڵەکانی ئێوە نەکرد؟ بەدەنگەوە نەهاتنی ئەو حیزبانە هیچ کاریگەرییەکی لە سەر پێکانی ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەو کەمپەینە دانا؟

**جهانگیر عەبدوڵڵاهی:** بە داخەوە لە کلتووری سیاسیی ئەحزابی سیاسیی کورد شتێکی هەڵە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەر فکر یا بیرۆکەیەک کە لەلایەن یەکێک لە ئەحزاب پێشکەش بکرێ، ئەوانی دیکە هاوکاری ناکەن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وابیر ئەکەنەوە کە ئەگەر بێتوو هاوکاری بکەن و بە دەنگیەوە بچن ئەوە مانای ئەوەیە کە چوونەتە ژێر فکر و کاریگەریی حیزبەکەی ترەوە و چۆن ئەو بیرۆکەیە لەلایەن حیزب و جەریانێکی دیکەوە پێشنیارکراوە، نابێ هاوکاری بکەن، ئەگینا وەک بێتوو بڵێی شەرعییەتی خۆیان لە دەست دەدەن. ئەم بیرۆکەیە تەنیا سەبارەت بەم کەمپینە نەبووە، بەڵکوو بۆ بابەتی جۆراوجۆری دیکە هەر بەو شێوە بووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە ڕاستی ئەم شێوە بیرکردنەوەیە دروست نیە و بە هاناوە هاتن بە مانای کەوتنە ژێر کاریگەریی لایەنێکی دیکەوە نیە، بەڵکوو بە مانای کراوەیی و پێشکەوتووییە و متمانەشیان لە نێو خەڵکدا زیاتر دەبێ.

دەبینین چەندین حیزبمان هەیە کە بۆ ڕزگاریی کوردستان تێدەکۆشن. ئەگەر ئەم لایەنانە نەتوانن پێکەوە کاری هاوبەش بکەن، چۆن خەباتەکەیان بەرەوپێش دەچێ؟ بە ڕاستی بە کاری هاوبەش و گوتاری فەراحیزبی نەبێ گەیشتن بە ئامانجەکان زۆر دژوارە.

**کوردستان:** بێ گومان ئەو جۆرە کار و چالاکییانە کێشە و ئاستەنگی خۆی هەیە. بۆ خۆتان باس لەوە بکەن کە کێشەکان، کۆسپەکان یان دژوارییەکانی بەردەم پێشڤەچوونی کارەکانی کەمپەینەکە چ بوون؟

**حوسێن ئەحمەدپوور:** کێشەی سەرەکی بە باوەڕێ من کەمیی ماوە بوو و ئەوەیکە درەنگ دەست بەکار بووین. هەر بۆیە لە هەڵسەنگاندنمان بۆ کارو چالاکییەکانی دەبێ ئەم فاکتەرە لەبەر چاو بگرین. بە لەبەر چاو گرتنی ئەم کەمیی ماوەیە دەتوانین بڵێین کە کاری زۆر باش کراوە. یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی بە دەنگەوە نەهاتنی حیزبەکانی



دیکە بوو، دیارە بەشێکی هۆکاری بە دەنگەوە نەهاتنەکە بە باوەڕی من دیسانەکە بۆ کەمیی ماوەکە دەگەڕێتەوە. دیارە با ئەوەش بڵێین کە ڕاستە کەمیی ماوە هۆکار بوو، بەڵام نابێ ئەم مەسەلەیە بکرێتە پاساو، دەبێ حیزبەکان و لایەنە سیاسییەکان هەمیشە ئەو ئامادەییەیان تێدا هەبێ کە بە نیسبەت ڕووداوی تازەو هەڵوێستی تازەوە زوو هەڵوێست بگرن. هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەم کەمپینەوە ئەگەر بهاتباو لایەنەکانی دیکەش پشتیوانیان لی بکردبایە و کاریان بۆ بکردبایە، بێگومان کاریگەرییەکەی چەند قات دەبوو و زۆر شتی دیکەشی لێ دەکەوتەوە و ئەوکات خەڵکی کوردستان دەستخۆشیان لە هەموویان دەکرد.

یەکێکی دیکە لە کۆسپەکانی لە رووی ڕاگەیاندنەوە بوو، بۆ نموونە تەنیا تەلەویزیۆنێکی کوردی کاتی خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرد، دیارە ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە و پێویست بە باس کردنی ناکا. کۆسپێکی دیکە کە دەبێ وەک ئەزموونێک بۆ کارو چالاکییەکانی داهاتوو دەرسی لێ وەربگرین، نەبوونی هەماهەنگی پێویست بوو کە ئەمەش خۆی بەشێکی زۆری بۆ ئەو کەمی ماوەیە دەگەڕێتەوە کە ئاماژەمان پێ کرد.

**کوردستان:** بابەتی ئیعدام بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بوونی بووە و ئەوە سیاسەتی عەمەلیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوت و زەبروزەنگ نواندن لە ئێرانە. ئایا ئەوە هەڵ ناگرێ کە دوای تەواو بوونی ئەو ماوەی ١٠ ڕۆژە ڕاگەیەندراوە، هەوڵەکان لەو پێناوەدا بە شێوەی سیستماتیک بەردەوام بن، بۆ ئەو مەبەستە هیچ بەرنامە و پڕۆژەیەکتان هەیە؟

**حوسێن ئەحمەدپوور:** بێگومان بایەخی ئەم جۆرە کارو چالاکییانە لە بەردەوامبوونیان دایە تا ئەو کاتەی بە ئاکام دەگا. پێویستە بەپێی هەلومەرج و لە قۆناغێ جۆراوجۆر و بە شێوازی جۆراوجۆر بە بەردەوامی کار لەسەر ئەم بابەتە بکرێ. دەنا ئەم کەمپینە هەروەک بە ناوەکەیدا دیارە، شتێکی کاتییە و مەبەستی سەرەکی ئەوە بوو کە لەو ماوە زەمانییە کە لە ئێران وەک دەیەی فەجر ناسراوە کەڵک وەرگیرێ، بەڵام کاتی بوون بەو مانایە نییە کە ئیتر کارەکان تەواو بووە، بەڵکوو لە داهاتوودا دەبێ بە شێوازی جۆراوجۆر کاری بۆ بکەین. بە باوەڕی من لەم قۆناغەدا بۆ ئەوەیکە لە داهاتوودا بەهێزترو ڕێک و پێکترکار لەسەر ئەم بابەتە بکەین، دەبێ ئەولەوییەتمان ئەوە بێ کە خەسارناسییەکی ئەم چەشنە کارو چالاکییانە بکەین و بەرنامەیەکی ڕێک و پێکتر دابڕێژین و لە داهاتوودا بە بەرچاوڕوونی و بە هەماهەنگییەکی زیاترەوە درێژە بە کارەکانمان بدەین.

**کوردستان:** کاک جهانگیر وەک کۆبەندییەکی ئەو مێزگردەمان و وەک دوایین پرسیار، خاڵە لاواز و بەهێزەکانی ئەو ئەزموونەتان چۆن پۆلێنبەندی دەکەن؟

**جهانگیر عەبدوڵڵاهی:** ئەگەر چاو لە کەمپین بکەین دەبیبین یەکەمجارە کامپینی لەو شێوەیە ساز دەبێ، دەتوانین بۆ داهاتوو کاری لە سەر بکەین و لەو ڕۆژانەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ خۆی دیاری کردون، بێین لە سەر بابەتەکانی وەک ئیعدام و مافی مرۆف و... کار بکەین. بۆ نموونە ئێمە توانیمان لە ماوەی ئەم ١٠ ڕۆژەدا کۆمەڵێک چالاکی لە بواری میدیا، ئینتێرنێت و زانیاری ئەنجام بدەین. چەندین کەسایەتی لەسەر ئەم بابەتە بۆ خەڵک دوان. کۆمەڵێک بەرنامەی تەلەویزیۆنیمان بەڕێوەبرد. لە بواری نووسین بابەتی زۆر نووسران و چالاکانی سیاسی و مەدەنی هاوکاریان کردین و تواناکانمان لەو بوارەدا چڕکردەوە. خاڵە لاوازەکانیش دەگەڕێنەوە سەر ئەوەی کە کاتمان کەم لە بەر دەستدا بوو و حیزب و ڕێکخراوەکان بەو شێوەیەی کە پێویست بوو پشتیوانییان نەکرد، بەڵام دەتوانم بڵێم لە چاو ئەوەی کە لەم بوارەدا پێشتر کەممان کار کردوە دەسکەوتی باشی هەبوو.

# لەیادی شاعیری جوانەمەرگ «مارف ئاغایی»دا

وریا رەحمانی



رەنگە هیچ دوور لە راستی نەبێ کە ئەگەر ناوی «مارف ئاغایی»یش وەک یەکێک لە دیارترین قەڵەم و رووخسارە درەوشاوەو بەهێزەکانی نێو گۆرەپانی شێعرو ئەدەبیاتی نوێی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت لە قۆناغی پاش شۆڕشی ئێراندا وەک نموونەیەکی شیاو و حاشاهەڵنەگر بێنینەوە و پێمان وابێ کە ئەگەرچی لە تەمەنێکی یەکجار کورتیشدا بەڵام بەوپەڕی لێهاتوویی و ئەو دەرکە قووڵەی لە شێعرو ئەدەبیاتی رەسەنی کوردی و شەپۆلە نوێیە جیهانییەکان هەیبوو، بە واتای تایبەتی بوونەوە توانیی متمانەیەکی خاوەن پێگەی فەرهەنگی بەنیسبەت خۆیەوە بۆ هەمیشە وەدی بێنێ و بە پڕکردنەوەی خانەیەکی گرینگ لە پێکهاتەی مێژووی ئەدەبیاتی نەتەوەیی دا هەرمانێکی شکۆدار و لێوەشاوانە بۆخۆی مسۆگەر بکا.

مارف ئاغایی بەر لە هەموو شتێک مرۆڤێکی خاوەن هەست و بەرپرسیار لە بەرامبەر کەڵکەڵە تایبەتە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەکەیدا بوو و لە بەستێنی پێناسەی ئەدەبیاتی نیشتمانی کوردستاندا دەکرێ وەک «شاعیری خاک» ناودێری بکەین. ئەو شاعیرە وڵاتی کوردەواری، دوور لەو رەهەندە کلێشەیی و سواوانەی پێش خۆیەوە، چ وەک زمان و فۆرم و چ وەک واتاو زاویەی دید، دەژیاو هەوڵی ژیاندنەوەی چەمکە بەستێن بەخشەکانی دەدا.

لەنێو دنیای شێعری مارف ئاغایی دا، سێ کوچکەیەکی ئۆرگانیکی «بوون» دەورێکی ژێدەری هەیە و شوناسی پێوەندیی دەقە.

«خاک» یان دایکی نیشتمان وەک پێودانگی ئیمکانی بوون، «مرۆڤ» وەک هۆکارو پێوەری سەرەکیی بوون، «خودا» و جوانی وەک ئامانج و خۆزگەی لەبڕان نەهاتووی بوون. کە ئەوەی فەزای هەناسە و پێوەندیی حەقیقی نێوان ئەو سێ کوچکە پیرۆزەی بوون دەخولقێنێ و بە یەکەوەی دەبەستێتەوە ژیانە. هەر بۆیەش گرینگترین و پیرۆزترین دەرەنجامی دەرکی تویێ شێعری مارف ئاغایی وەک پێناسەی سەرەکیترین ئەرکی مرۆڤ ژیانە. ژیانی مرۆڤێکی پیرۆز، بەرەو ئامانجێکی پیرۆز، لەسەر خاکێکی پیرۆزدا، بەواتای ژیانێکی پیرۆز.

مارف ئاغایی لەدایک بووی ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە شاری شنۆیە و بەداخەوە لە ئاکامی رووداوێکی هاتوچۆ لە رێکەوتی ٣٠ی رێبەندانی ١٣٧٧ی هەتاوی لە تەمەنی ٣٣ ساڵی دا کۆچی دوایی کردو وەک مرۆڤێکی سەربەرز و کوردێکی ئازادیخواز و شاعیرێکی بەتوانا لە ئامێزی خاکی نیشتمانەکەی دا بۆ هەمیشە گیرسایەوە و یادی لە دڵاندا مایەوە. سەرجەمی شێعرەکانی ئەو مرۆڤە خۆشەویستە لە تویێ کتێبێک دا بە ناوی «زەوی سەخت و ئاسمان دوور» لەم ساڵانەی دوایی دا لە چاپ دراوە و کەوتۆتە بەر دیدەی خوێنەران.

مارف ئاغایی ماوەیەکی زۆر وەک بەرپرسی بەشی شێعری گۆڤاری «سروە» لە ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سەلاحەددین ئەییوبی دا کاری کردووە و لەم بەستێنەش دا وەک رۆژنامەوانێکی ماندوونەناس و بەرپرسیار خزمەتێکی کەم وێنە و حاشاهەڵنەگری لەپێناو گەشەی شێعرو ئەدەبی کوردی دا بە فەرهەنگ و زمانی نەتەوە و نیشتمانەکەی کردووە. یادو ناوی پیرۆزیشی وەک شێعرەکانی نامرن.

خاک
توانای کۆچی نییە
ئەوەیە رازی مانەوەی هەمیشەی
من
لەم وڵاتە دا.

******

مانەوە

ئەم خۆشەویستە دڵڕەقە عیشق پەروەرەی
نە دەتوانم وەک کیژێک بیخەمە
پاشتەرکی ئەسپ و
لەژێر سایەی زێڕەوشانی تریفەی
مانگەشەوێکدا
هەڵیگرم،
نەدەشتوانم هەرگیز دڵی لێ بەردەم و
خۆم گیرۆدەی کۆلکەزێڕینەی شوێنێکی
دیکە بکەم
ناوی: خاکە
ئەم دەریایەی
نەدەتوانم لە جامی چاوەکانمدا رایگوێزم
و
نەدەشتوانم لە دووری ئەو
لە ئوقیانووسی هیچ شوێنێکی دیکەدا
قومە ئاوێک بخۆمەوە
ناوی: خاکە
من دەزانم دارستانی هەموو شوێنێک
جریوەی گەرمی چۆلەکەو
رووباری هەموو وڵاتێک
دەنگی تاقگە و رەنگی کەف و پێچ و
پەنای رێگەی بەرد و دەریای هەیە
بەڵام چبکەم لێرە نەبێ
نە گوێم چاکیان دەبیستێت و
نە چاوم چاکیان دەبینێ و
نە گیانم چاکیان هەست دەکا

**«مارف ئاغایی»**

## ئەرمەنی



**ئاوارەگەی بیچارەگەی بیخانمانم ئەرمەنی**
**مالد نیەزانم هالە کوو رووح و رەوانم ئەرمەنی**

**ترسم وەگەردم تا نەکەی بیوشی بچوو دەر وا نەکەی**
**ئمجا مەدی دیوانەگەی ئاگر وەگیانم ئەرمەنی**

**تە بەو موسلمانی بکە لەی گەورە مهمانی بکە**
**هەر چی کە خودد زانی بکەم ناتوانم ئەرمەنی**

**بیخود ئرا ترسی خوەمم قورسە دەمم خاتر جەمم**
**مانگە شەوە سایەی خوەمە ها شان وەشانم ئەرمەنی**

**نووش ئەوقرە چشتی نیە دەر وا کە بارم کفتیە**
**هەر یەی چکەی نەزری بکە تەر بوو زوانم ئەرمەنی**

**ئەر یەی کەسی لە دوژمنی پرسی یە لە کوورە سەنی**
**وەگیانی هەر چی کافرە ئیوشم نیەزانم ئەرمەنی**

**پشتم لە بار دەرد و خەم شکیا نیەزانم چوە بکەم**
**دەردم یەسە لە مال خوەم بیخانمانم ئەرمەنی**

**رووچ و شەوم جوورە یەکە دەر وا کە مایووسم مەکە**
**ئاخە وە ناشەر جیال جوانم ئەرمەنی**

**دەر واکە زیوتر «پەرتەوە» مهمانەگەی ئاخر شەوە**
**یەی شیشە لەو بەد مەسەوە پر کە بزانم ئەرمەنی**

عەلی ئەشرەف نەوبەتی (پرتو کرماشانی)

# تاهیر تۆفیق، هونەرمەندێکی نەتەوەیی

ئازاد عەبباسیان

دەنگێکی رەسەن، دەنگێکی نەمر و دەنگێکی پڕ سۆز. دەنگێک کە تێکەڵە بە مێلۆدیەکانی بەهار و ئازادی. دەنگێک کە پەردەکانی مۆسیقا کەم دێنن لە بەرامبەری دا. سۆزێکی بە چێژ و چێژێکی بە سۆز.

ئەم تایبەت مەندیانە لە دەنگە پر سۆزەکەی مامۆستای مەقام و گۆرانی کوردی، مامۆستا تاهیر تۆفیق دا دەبیندرێ.

تاهیر تۆفیق عەبدو لرەحمان محمد شێخانی، ئەمە ناوی سیانی ئەو هونەرمەندەیە. مامۆستا تاهیر تۆفیق لە ساڵی ١٩٢٢ ی . ز . لە شاری شێعرو ئەدەب و مۆسیقا، واتە لە شاری کۆیە لە گەڕەکی بەفر ی قەندیی لە دایک بووە.

تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندوە و خەریکی خوێندنی گولستان و بوستان بووە. هەر لە منداڵییەوە حەزی لە گۆرانی وتن بووە.

سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری بۆ ساڵی ( ١٩٣٢ ) دەگەڕێتەوە کاتێک لە پۆلی دووەم و سێهەمی سەرەتاییدا بووە و وەک دەنگ خۆشێک لە تیپی سروود و گۆرانی قوتابخانەی کۆیەدا بەشداری کردووە.

هەروەها لە چەندین ئاهەنگ و دانیشتنی تایبەتیدا ئەو هۆنراوە و گۆرانیانەی گوتووە کە لەو سەردەمانەدا ولەلایان گۆرانی بێژانی ئەوکاتەی کۆیە وەک : سێوە مەلا ئەسعەد . حەمەدی حەمە مەلاوە گوتراون.

مەقامی حیجازی «نیوەشەو» «لەگولێ لە سۆرە گوڵێ و بەستەی «کراس زەردێ» کە هەردووکیان هۆنراوەی فولکلۆرین بۆ یەکەم جار لە ئیستگەی رادیۆ بەغداد بەشی کوردی گوتویەتەوە.

کۆمەڵێک کتێبی لەسەر گۆرانی کوردی بەگشتی و گۆرانییەکانی خۆی بەتایبەتی، بە چاپ گیاندوون، وەک: چەپکە گوڵ، ئاوازی بەسۆز، گۆرانی و هەڵپەڕکێ، گۆرانی و ژیان و گوڵی سەربەستی.

مامۆستا تاهیر تۆفیق هەردەم بە دەنگە بە سۆزەکەی، دڵی عاشقانی گۆرانی کوردی دەگەشاندەوە.

مامۆستا تاهیر تۆفیق یەکێک لەو سترانبێژانەی کورد بوو کە خزمەتێکی گەورەی بە دونیای مۆسیقای کوردی کردوە.

خاڵە تاهیر لە سەردەمی رێژیمی زۆرداریش دا بوێرانە لە سەر شانۆ هاودەنگیی خۆی بۆ گەلە بندەستەکەی دەربڕیوە.

بە مەقامە پڕ ماناکانی، هۆنراوە دوژمن لەرزێنەکەی دڵدار (ئەی رەقیب)ی دەخستەوە یادی گوێگرانی. دوو جۆر دەنگ هەن لە هونەری سترانبێژی دا، دەنگی خۆش و دەنگی خۆشی بە سۆز.

دەنگیی تاهیر تۆفیق دەنگێکی خۆش و بە سۆزە. ئەگەر کەسێکیش شارەزای مۆسیقاو دەنگ نەبێ، هەرکات گوێ لە دەنگی تاهیر تۆفیق بگرێ، مەیلی بە لای مۆسیقاو تەنانەت شێعری کوردیش دا دەڕوات.

خزمەتێک کە مامۆستا تاهیر تۆفیق بە ئەدەب و مۆسیقای گەلەکەی کردوە خزمەتێکی یەکجار پیرۆز و جێگەی رێزە. رۆیشتن لەسەر سەبک و شێوازی گۆرانی وتنی مامۆستا تاهیر تۆفیق، خزمەت کردنە بە مۆسیقای کوردی.



مەقامەکانی لە هەستێکی نەتەوایەتی و شۆڕشگێرانە بێ بەش نەبوە. لە بۆنەکاندا توانیویەتی کە هەستی لاوانی کورد ببزوێنێتەوە و دەنگی ئازادی بخاتە گوێی داگیر کەران.

مامۆستا تاهیر بەهۆی بە نەخۆشییەکی سەخت لە ساڵی ( ١٩٨٧ ) ماڵ ئاوایی دەکات و لە زێدی باو و باپیرانی بە خاک دەسپێردرێت .بەڵام دەنگە بە سۆز و رەسەنەکەی بۆ هەمیشە لە ئاسمانی هونەری کوردیدا وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار دەدرەوشێتەوە.

کۆمەڵێک لە مەقام و گۆرانیەکانی:

شیرین بەهارە
ئەی مانگ من و تۆ
قەلبی من
کراس زەردێ
وەرە قوربان

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 553 20 Februari 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

# کۆچی دوایی ویلیام ئیگلتۆن، نووسەری کتێبی کۆماری کوردستان



ویلیام ئیگلتۆن، نووسەری کتێبی کۆماری کوردستان لە ئامریکا کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٧ ی ڕێبەندان ویلیام ئیگلتۆن دیپلۆماتی ناسراوی ئەمریکایی و دۆستی کوردان و نووسەری کتێبی «کۆماری ١٩٤٦ی کوردستان»، لە واشنگتۆن، پایتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆچی دوایی کرد.

ویلیام ئیگلتۆن یەکێک لەو نووسەرە بیانیانە بوو کە ژمارەیەکی زۆر نووسراو و کتێبی لە پێوەندی لە گەڵ کێشەی سیاسیی کورد دا نووسیوە و بڵاوی کردوونەوە.

ناوبراو یەکێک بوو لەو کەسانە کە لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی نێونەتەوەییدا باسی کورد و دۆزی کوردستانی دەکردو وەک دیپلۆماتێکی ڕۆژئاوایی هەمیشە لە خەمی دۆزی ڕەوای کورد دابوو.

جێی باسە کە کتێبەکانی ویلیام ئیگلتۆن بە زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی وەرگێڕدراون و کتێبی کۆماری ١٩٤٦ ی کوردستان یەکێک لە کارە گرینگەکانی ناوبراو لە پێوەندی لە گەڵ دەرخستنی کێشەی کورد دا بوو.

کتێبی «جمهوری ١٩٤٦ی کوردستان» کە لە لایەن سەید محەممەدی سەمەدی سەرەتا بە زمانی فارسی وەرگێڕدرا، ڕۆڵێکی گرینگی لە ناساندنی کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی کورد لە ماوەی ١١ مانگ تەمەنی کۆمار دا گێڕا.

# بانگهێشت کرانی نلسۆن ماندێلا بۆ جێژنی نەورۆزی دیاربەکر



سەرۆکی حیزبی ئاشتی و دیموکراسی بانگهێشتی نلسۆن ماندێلای کردوە تا لە ڕێوڕەسمی جێژنی سەری ساڵی ٢٧١١ ی کوردیدا میوانی خەڵکی دیاربەکر بێ.

سەلاحەدین دمیرتاش، سەرۆکی حیزبی ئاشتی و دیموکراسی و باڵوێزی ئەفریقای باشوور لە دیدارێکدا لە ئانکارا، بارودۆخی کوردەکانی باکووری کوردستانیان خستە بەر باس و لەو دیدارەشدا دمیرتاش داوای کرد کە ماندێلا بۆ بەشداریی جێژنی نەورۆزی ساڵی ٢٧١١ ی دیاربەکر سەردانی کوردستان بکا.

ماندێلا یەکەم سەرکۆماری ئەفریقای باشوورە کە لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیک لەو وڵاتەدا هەڵبژێردراوە.

ناوبراو پێش لە سەرکۆماری لە کەسە بەرچاوەکانی دژە ئاپارتاید لەو وڵاتە و ڕێبەری کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا بوو. ماندێلا لە بەر ئەو چالاکییانە و پەنا بردن بۆ خەباتی چەکداری وەک دوایین ڕێگە چارە گیرا و زیندانی کرا.

ناوبراو ماوەی ٢٧ ساڵ کە زیاتر لە ژووری تاکەکەسی دا بوو لە دوڕگەی ڕووبن دا زیندانی کرا.

شایانی باسە کە ئەگەر چی ڕژیمی ئاپارتاید و ڕژیمەکانی لایەنگری، ماندێلا و کۆنگرەی گەلی ئەفریقایان بە کومونیست و ترۆریست ناودەبرد، خەباتی چەکداری بەشێکی جیا نەکراوە لە خەبات بە دژی ئاپارتاید بوو.

# گیرانی ڕۆژنامەنووسی کورد سووسەن محەممەدخانی



ڕۆژی ٢٥ی ڕێبەندان سووسەنی محەممەدخانی ڕۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە تاران قۆڵبەست کرا.

دوای بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانی خەڵکی تاران و شارەکانی دیکەی ئێران بۆ پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی توونس ومیسر، ناوەندە ئەمنیەتییەکان دەستیان کردوە بە شەپۆلێک لە گرتن و زیندانیکردنی خەڵکی خۆپیشاندەر و زانیاریەکان باس لەوە دەکەن کە ڕۆژی دووشەممە ٢٥ی ریبەندانی ١٣٨٩ سووسەن محەممەد خانی، ڕۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنیی کورد نیشتەجێی شاری تاران، وێڕای دەیان کەسی دیکە لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە قۆڵبەست کراوە.

سووسەن محەممەدخانی ئەگەرچی لەدایکبووی کوردستان نیە و زمانی کوردیش بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی دەزانێ، بەڵام وەک ڕۆژنامەنووس و چالاکێکی مەدەنی و سەربەخۆ بە مەبەستی وروژاندنی پرس و بابەتە مێژوویی و هەنوکەیی پێوەندیدار بە کورد و کوردستان تێکۆشانی هەیە.

سووسەن محەممەدخانی ئەوە بۆ چەندەمین جارە کە لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستبەسەر دەکرێ.

جێگای ئاماژەیە کە چاودێرانی سیاسی لەو بڕوایەدان کە شەپۆلێکی دیکە لە گرتن و ڕاوەدوونانی چالاکانی مەدەنی لە ئێران لە ئارا دایە کە بە ئەگەرێکی زۆر ئەم جارە قوربانیی زۆرتری لێ دەکەوێتەوە.

# ڕەتکردەوەی خەڵاتی فیستڤاڵی فەجر لە لایەن دەرهێنەرێکی بەناوبانگی سینەمای تورکیەوە



سەمیع کاپلان ئۆغلو، دەرهێنەری ناوداری تورکیە بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە زیندانی کرانی ژمارەیەک لە سینەماکارانی ئێران، ئامادە نەبوو خەڵاتی فیستیڤاڵی فیلمی فەجر وەربگرێ.

«سەمیع کاپلان ئۆغلو» کە لە ڕێگای نوێترین بەرهەمی خۆی بە ناونیشانی «هەنگوین» وەکو براوەی خەڵاتی فیستیڤاڵی فیلمی «فەجر» دەستنیشان کرابوو، بە نیشانەی نارەزایەتی دەربرین بە گرتنی ژمارەیەک لە دەرهێنەرانی ئێرانی بە تایبەت «جەعفەر پەناهی» و «محەممەد رەسولۆف» خۆی لە وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بوارد و خەڵاتەکەی ڕەت کردەوە.

کاپلان ئۆغلو بەر لەوەش نارەزایەتیی خۆی بەرامبەر بە زیندانی کردنی سینەماکارانی ئێرانی لە لایەن حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەربڕیبوو.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە «جەعفەر پەناهی» دەرهێنەری بەناوبانگی ئێرانی بە تاوانی ئازادیخوازی و مل دانەنەواندن بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامییەوە بە شەش ساڵ زیندان و بیست ساڵ بێبەشبوون لە مافی چالاکی هونەری مەحکووم کراوە

# بەڕێوەچوونی یەکەم خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی کورتە فیلم لە شاری سنە

وا بڕیارە ساڵی داهاتوو لە شاری سنە یەکەم خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کورتە فیلم بەڕێوەبچێ.

عەلیرەزا شەهبازی، پارێزگاری سنە لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ئەندامانی نووسینگەی سنەی ئەنجومەنی سینەمای لاوان و بە بەشداریی ژمارەیەک لە فیلمسازانی ئەو پارێزگایە لەسەر بەڕێوەچوونی ئەم فیستیواڵە لەساڵی داهاتوودا وتویەتی کە بە مەبەستی گرینگی پێدانی زیاتر بە بواری کورتە فیلم، فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی کورتە فیلم لە ساڵی داهاتوو لە شاری سنە بەڕێوە دەچێت.

پاریزگاری سنە لە قسەکانیدا باسی لەوە کردوە کە پارێزگای سنە لە سەرجەم بوارەکانی ڕۆشنبیری خاوەن توانایی بەرچاوە کە ئەو تواناییانەش دەبێ لە پێناو گەشەپێدانی پارێزگا بەکار بهێنرێن و لەو ناوەندەشدا پەرەپێدانی سینەما یەکێک لە پێویستییە سەرەکیەکانە بۆ ئەو مەبەستە.

شایانی باسە کە سینەماکاران و هونەرمەندانی کورد بەو شێوەیەی پێویستە لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەتییەوە ئاوریان لێ نەدراوەتەوە یان هەوڵی ئەوەیان داوە کە هونەرەکەیان دەستەمۆ بکەن کە بەخۆشیەوە زۆربەی هونەرمەندانی کورد خۆیان لەو سیاسەتەی ڕێژیم پاراستوە




بەر لە ماڵاوایی

# لە بارەی خوێندن بە زمانی زگماکییەوە

## (لە پێشوازی٢ی ڕەشەممە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دا)

قادر وریا

لە وڵاتی ئێراندا، نەتەوەی جۆراوجۆر دەژین، کە کورد یەک لەوانە. نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە باری ڕووبەری خاکەکەیەوە، چ لە باری ژماری حەشیمەتەوە، لە زۆر نەتەوە و وڵاتی جیهان کە سەربەخۆن و دەوڵەتی خۆیان هەیە، گەورەترە. ئەم نەتەوەیە، سەرەڕای ئەوەی زمانێکی سەربەخۆ و دەوڵەمەندی هەیە، وەک نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران، لە مافە نەتەوەییەکانی بێبەشە و تەنانەت ڕێگە بە منداڵانی کورد نادرێت لە قوتابخانە بە زمانی دایکیان بخوێنن.

سیاسەتی زاڵکردنی زمانێک بەسەر زمانەکانی دیکەی ئێراندا و سەرکوت و لە پەراوێز خستنی زمانی نەتەوە نافارسەکان بۆ سەرەتای بە دەسەڵاتگەیشتنی ڕەزاشای پەهلەوی لە ١٩٢٥ دەگەڕێتەوە. ڕەزا شا لە ژێر کاریگەریی ئاتا تورکدا، کەوتە پێڕەوکردنی سیاسەتی سڕینەوەی جیاوازییە نەتەوەیی و زمانییەکان لە ئێراندا و قۆڵی لە دروستکردنی «یەک نەتەوە، یەک دەوڵەوت» ( دەوڵەت نەتەوە) هەڵماڵی. خوێندن بە زمانی فارسی لە قوتابخانەکان و قسە کردن و نووسین بە فارسی لە فەرمانگە دەوڵەتییەکانی کرد بە زۆرەملی (ئیجباری) و بە توندی کەوتە دژایەتیکردنی زمان، کولتوور و مێژووی نەتەوە نافارسەکانی ئێران.

لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی حەمەڕەزای شای پەهلەویدا، سیاسەتی ڕەزا شا لە بارەی زمان و کولتووری نەتەوە نافارسەکان، بە شێوەیەکی توندوتیژ بەڕێوە چوو. لە ماوەی پەنجا ساڵ دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەویدا، تەنیا دوو هەوڵی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدی دەکرێن. لە ١٩١٣ لە شاری «خۆی« لە لایەن سمکۆی شکاک و عەبدولرەزاق بەدرخانەوە قوتابخانەی کوردی کرایەوە کە ماوەیەکی زۆری ناخایاند. لە ١٩٤٦یش، کۆماری کوردستان لە پێتەختی ئەوکۆمارە و لە شاری بۆکان، خوێندن بە زمانی کوردیی کرایەوە.

لە دووای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی و سەرکەوتنی شۆرشی ئێران لە ١٩٧٩دا دەسەڵاتی نوێ، زۆر زوو شەڕی لە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند، گەمارۆی خستە سەر کوردستان و قوتابخانەکانی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردی داخست. پارتە کوردەکان بە هاوکاریی خەڵک قوتابخانەکانیان کردەوە و ئاواتی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەیان لە ناوچەی ئازاد دا جێبەجێ کرد. خوێندن بە زمانی کوردی بۆ ماوەی چەند ساڵێک درێژەی کێشا و هەتا ساڵەکانی ١٩٨٣ ـ ١٩٨٤، کە هێزەکانی حکوومەت شارۆچکە و گوندە ئازادەکانیان گرتەوە، بەردەوام بوو.

ویستی خوێندن بە زمانی کوردی تەنانەت دووای ئەوەش کە کوردستان بە تەواوی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە، پێی لەسەر داگیرا. بەڵام ئەو خواستە ڕێزی لێ‌نەگیرا و جێبەجێ نەکرا. خەڵک بە هەوڵ و هیممەتی خۆیان و لە ژێر ڕێنوێنی و هاندانی ڕووناکبیرانی نەتەوە پەروەردا، ڕوویان کردە فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی کوردی بە شێوەی نافەرمی. ئەم کارە کە تێچوو و پێداویستییەکانی هەر لە لایەن خەڵکی دڵسۆزەوە دابیندەکرا، لەگەڵ دژایەتی، کارشکێنی و بیانوو پێگرتنی دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی دەوڵەتی بەرەوڕوو بوو. سەرەڕای ئەمەش، خەڵکی کوردستان بە تایبەتی مێرمنداڵان و لاوان لە سەر فێربوونی ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی بەردەوامن.

شایانی باسە کە لە ماددەی ١٥ی دەستوور (قانوونی ئەساسی)ی ئێراندا هاتووە، کە خوێندن بە زمانە قەومی و ناوچەییەکان لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە، بەڵام ئەم ماددەیەی دەستووری ئێران، هیچکات لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئاوڕی لێ‌نەدراوەتەوە و هیچ هەوڵێک نەدراوە بۆ ئەوەی منداڵانی نەتەوە نافارسەکانی وڵات بە زمانی دایکیان بخوێنن.

لە سەردەمی ئێستادا، نەک هەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو گەلانی دیکەی نافارسی ئێران، داوای خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان دەکەن. ئەم داوایە ساڵ لەگەڵ ساڵ بە شێوەیەکی ڕاشکاوانەتر بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی دەکرێتەوە.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە، کە بێبەشی لە خوێندن بە زمانی دایک لە نێو منداڵانی سەر بە نەتەوەکانی تورک، کورد، بەلووچ، عەرەب و تورکمان، بووە بە سەرچاوەی کێشە و گرفتی جۆراوجۆر . وەپاشکەوتن لە خوێندن و کەوتن (ڕەتبوونەوە) لە نێو ئەو جۆرە منداڵانەدا، یەکجار زۆرە. ئەوەش لە بارێکدایە کە خوێندن بە زمانی زگماکی، مافێکی بنچینەیی مرۆڤەکانە و زۆربەی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان داکۆکی لەم مافە دەکەن.

خوێندن بە زمانێک لە قوتابخانە، جگە لەوەی پێش بە تووانەوە و لە نێوچوونی ئەو زمانە دەگرێت، دەبێتە هۆی پەرەگرتن و بووژانەوە و بەهێزبوونی لە بووارە جۆراوجۆرەکاندا. هەروەها نەتەوەیەکی بندەست و دابەشکراوی وەک کورد، لە ڕێگای خوێندن بە زمانەکەی لە قوتابخانەدا، دەتوانێت لە هەوڵی قووڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی و دروستکردنی زمانی ستاندارد دا بێت.

ئەزموونی وڵاتانی فرەنەتەوە و فرەزمان دەریخستووە، کە لەو وڵاتانەدا کە زمانێک بە زۆر بە سەر زمانەکانی دیکەدا زاڵکراوە و زمانەکانی دیکە پەراوێز خراون و سەرکوت کراون، بەردەوام لەگەڵ کێشەی سیاسی و ئاڵۆزی و قەیران لە نێوخۆیاندا بەرەوڕوون. بەڵام لەو وڵاتانەدا کە هەموو زمانەکان ڕێزیان لێگیراوە و دانیان پێدانراوە و لە ناوچەی تایبەت بە خۆیاندا پێیان دەخوێندرێت، هەم کەلتووری وڵاتەکە دەوڵەمەندتر بووە، هەم پێکەوەژیان بە تەبایی و ئاشتی هەیە.

**(پوختەی لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا)**